Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 124 – 146
http://www.ijoks.com

# The Kurds and the phenomenon of migration In the Middle Ages (Analyzing study about the reasons and conclusions)

***Mahdi* Othman *Haruti*[1]**

**Received**: June 07, 2016 **Reviewed**: June 14, 2016 **Accepted**: July 22, 2016

## Abstract

Kurds have resorted to migration in different periods of the Islamic Middle Ages. This migration was happened by different reasons, and also resulted in multiple results. This research which is devoted to study this aspect, in the first attempts to write briefly about the beginning of Kurdish settling in their territories at the beginning of Islamic era. The research also talks about the different stages of Kurds emigration, and analyzes the motivations behind these migrations. Such as economic motives like famine (such as the migration of large groups of Erbil residents because of the drought that occurred in the year 1318 AD), or health and spread of diseases (such as this migration that happened in some of the Kurdish areas in the year 1348 AD). Or the political and military pressures (such as the attacks of Turk Ghazis and Saljuk and Mongol, which forced many Kurdish groups to migrate from the eastern Kurdish areas to the northern and western regions in different periods). Also the religious reasons had a role in this aspect. The Ayyubid and the Kurdish tribes that were with them had emigrated to Syria and Egypt in order to participate in the Crusades. In the end we mention the most important conclusions that resulted from those migrations. And analyze the social and economic consequences as well as the distribution of the population and the changes that have occurred within the border of the Kurdish provinces.

**Recommended citation:**
Haruti, M. O. (2016). The Kurds and the phenomenon of migration In the Middle Ages (Analyzing study about the reasons and conclusions). *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 124 – 146.

[1] Lecturer, Department of history, Faculty of education, Koya University
Daniel Mitterrand Boulevard, Koya KOY45, Kurdistan Region – F.R. Iraq. E-mail; mahdiharuti@gmail.com

## کورد و دیاردەی کۆچکردن لەسەدەکانی ناوەڕاستدا

## (توێژینەوەیەکی شیکارییە لەبارەی هۆکارو دەرەنجامەکان)

مەهدی عوسمان هەروتی

### پوختە:

لەسەدەکانی ناوەراستی ئیسلامیدا کوردان لەچەندین ماوەی جیاجیادا پەنایان بردۆتە بەر کۆچکردن کەئەمەش هۆکاری جۆربەجۆری لەدواوە بووەو هەروەها دەرئەنجامی هەمەلایەنەی لێکەوتۆتەوە. ئەم لێکۆلینەوە کەبۆ ئەم لایەنە تەرخانکراوە هەولدەدات بەشێوەیەکی پوخت سەرەتای نیشتەجێبوونی کورد لەهەرێم وناوچەکانیدا لەسەرەتای سەردەمی ئیسلامی دیاربخات,هەروەها باسی ئەو قۆناغە جیاوازانە دەکات کە تیایدا کورد کۆچیکردووە وەشرۆڤەی ئەو هۆکارانە دەکات کە هاندەری کوردان بوون بۆ کۆچکردن وەکو هۆکاری ئابووری وقات وقری یان تەندروستی وبلاوبوونەوەی نەخۆشی وپەتا وفشاری سیاسی وسەربازی .

دیارە هۆکاری ئاینیش لەم دیاردەیەدا رۆلی خۆی هەبووە وەکو ئەوەی کەئەیوبیەکان وئەو هۆزە کوردیانەی لەگەلیاندا بوون لەپێناو شەری خاچدروشمەکان چوونە میسرو شام . لەکۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەش ئاماژەیان بۆ دەکرێ کەلەم کۆچانە پەیدابوون . لێرەشدا لایەنەکانی کۆمەلایەتی وئابووری وهەروەها دابەشبوونی دانیشتوان و گۆرانکاري لەسنوری ناوچەکان شیکاریان بۆ دەکرێت.

### پێشەکی :

ئەم توێژینەوەیە لێکۆلینەوەیەکی شیکاریە لەبارەی کۆچی کوردان لەسەدەکانی ناوەراست بەتایبەتی ئەوسەردەمانەی کەپریان بوو لەرووداوو وکارەساتی ناخۆش ودژوار ئەوانەی کاریگەری درێژخایەن وبەرچاو یان بەسەر کوردستاندا بەجێهێشت ورۆلی کاریگەریان لەرەنگرێژکردنی ئێستای ئەم ولاتە هەبووە.

چەند هۆکارێك هەن کەوا لەتوێژەر دەکەن گرنگی بەم دیاردەیەی کۆمەلگەی کوردی بدات لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیانە کە پەیوەندی بەسنوری کوردستانەوە هەیە بەهۆی ئەو گۆرانکاریە سنوریانەی بەسەر ولاتی کوردانەوە هاتوون لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا بەتایبەتیش لەو قۆناغەی کەناوچەکە بەرەو رووی گۆرانکاریە هزری وسیاسیەکان دەبێتەوە،هەروەها بۆ تێگەیشتن لەئەنجامی ئەوهەموو لەشکرکێشیە سەربازیانەی کەکراوەتە سەر ناوچەکە یان ئەو نەهامەتی وکارەساتانەی کەبەسەر کۆمەلگەی کوردیدا هاتوون تاچەند رۆلیان هەبووە لەکۆچ پێکردنی رۆلەکانی نەتەوەی کورد لەزێد وخاکی خۆیان بەژمارەو کۆمەلی زۆرو گەورە بۆ ناوچەی جیاوازتر لەهی خۆیان ورێژەی دابەشبوونی دانیشتوان چۆن گۆرانکاری بەسەردا هاتووە لەشارو دێهاتە کوردیەکان ئەمەش تاچ رادەیەك کاردانەوەی لەسەر لایەنە جیاوازەکانی دیکەی کورداندا هەبووە وەك لایەنی کۆمەلایەتی ئابوری وزانستی... .

سەبارەت بەناوەرۆکی توێژینەوەش ئەوا پێکهاتووە لە سێ تەوەرە ،یەکەمیان وەك دەروازەیەك تەرخانکراوە بۆ خستنەرووی کورتی گرینگترین ئەو هەرێم وناوچانەی کەلەسەردەمی ئیسلامیدا کوردنشین بوون، ئەگەرچی ناوچەو نشینگەکانی کورد قسەو باسی زۆری لەلێکۆلینەوە ئەکادیمیەکان لەبارەوە کراوە بەلام لێرەدا لەپێناو ئاشنابوون وزیاتر روونکردنەوەی دەرئەنجامەکانی کۆچی کوردان بەپێویست دەزانرێت پوختەیەك لەم بارەیەوە بخرێتە روو بۆ بەرچاورووني زیاتری ئەو گۆرانکاریە دیمۆگرافیەی کەلەئەنجامی کۆچی کوردەکان کەوتۆتەوە لە قۆناغە یەك لەدوای یەکەکانی مێژوودا کەبەهۆکاری جیاجیا ئەنجامدراون.. لەتەوەرەی دووەمیشدا هەولدراوە ژمارەیەك لەو رووداوانەی کەکۆچی کوردان نیشاندەدات بەکۆمەل وتاکەکەسی لەگەل لێکدانەوەی ئەو هۆکارانەی کەهانیداون یان ناچار بەو کۆچەیان کردوون باس بکرێت.هەرچی تەوەرەی سێیەمە ئەوا بەشێوەیەکی شرۆڤەکاری ژمارەیەك لە دەرئەنجامی تێدا شیکراوەتەوە کەلەئەنجامی دیاردە کۆچ کەوتوونەتەوە یان باس لەکاریگەریەکانی کۆچی کوردان کراوە بەسەرسنوری کوردستان ودیمۆگرافیاو لایەنە جۆربەجۆرەکانی تری ژیانی کورد .

هەروەها توێژەر لەنووسینی ئەم توێژینەوەدا سودی لەژمارەیەك لەدەستنووس وسەرچاوەی كۆن ونوێ بینیوە كەهەندێكیان هاوچەرخی رووداوەكانن هەندێكیش لەدواتردا رووداوەكانیان یاداشتكردووە كەسەرچاوە نوێیەكانن هەولدراوە پشت بەبۆچوونەكانیان ببەسترێ لەبەراوردكردن وشرۆڤەی هۆكارودەرئەنجامەكان .

**تەوەرەی یەكەم:ناوچەكانی نیشتەجێبوونی كوردان (وولاتی كوردان):**

مەبەست لەوولاتی كوردان هەموو ئەوناوچەو ئاوەدانیانەیە كەكورد لەسەرەتای مێژووی ئیسلامیدا تیایدا بوونی هەبووەو رێژەیەكی زۆري دانیشتوانەكەی پێكهێناوە,ئەویش دابەشی سەر چەند هەرێمێك دەبوو كەلەلایەن مێژوونووسان و وولاتناسان بەچەند ناوێكی جیاواز ناوبراون وەكو: هەرێمی :چیاكان-جەزیرە-ئازەربەیجان-ئاران-ئەرمینیا-شارەزوور... ، بەتایبەتی هەرێمی چیاكان لەگرنگترین ئەو شارو ناوچانەی كەكوردی تێدا باسكراوە یان كورد زۆرترین رێژەی دانیشتوانی پێكهێناوە بریتین لە : قرمیسیم- كرماشان ، دینەوەر، نەهاوەند، سیسەر، شابورخواست ، ماسەبەتان، میهرەگانكوچەك، حولوان، لورستان... (زرار صدیق:٢٠١٠/ل٣٢-٣٣).

شارەزووریش بەگوتەی(مسعر كوری مهلهل) لەچەند شارۆچكە وگوندێك پێكدەهات (١٩٦٠/ص١٠) بەتایبەتی : دارا ئاباد-داراوە، سامەگان، زمكان (البلاذری/١٩٩٦/ص٣٢٩)، نیم ئەزرا,بیر-بیارە، قسنان، تیرانشاە، دیلەمستان، دزدان(مسعربن مهلهل/١٩٦٠/ص١٠-١١ ؛زرار صدیق/٢٠١٠/ل٣٤).

هەرچی هەرێمی جەزیرەیە ئەوا هەموو ئەوناوچانەی دەگرتەوە كە دەكەوێتە نێوان هەردوو رووباری دیجلەوفورات ,بەلام بەگشتی ناوچەكانی باكورو رۆژهەلاتی ئەم هەرێمە كوردنشین بوون وبەبەشێكی سەرەكی نیشتمانی كورد دادەنرێن كەلەگرنگترین شارو ناوچەكانی :ئامەد، میافارقین، حوسنكێفا ، اربیل-هەولێر، سنجار-شەنگال، جەزیرەی ئیبنوعومەر-جەزیرەی بۆتان، سەعەرد، نوسەیبین، ئەرزەن، هەروەها لەگەلیدا ناوچەكانی داسن،هەكاری، ئەمەوچەندین ناوچەی تر...(زرار صدیق/٢٠١٠/ل٣٥-٣٦).

سەبارەت بە ئازەربەیجانیش ئەوا یەك لەو هەرێمانە بوو كەكورد تیایدا ژیاون وبەولاتی خۆیان زانیوە. بەتایبەتیش ئەوناوچانەی كەتیایدا نیشتەجێبوون دەكەوتە باشوورو رۆژئاواو ئەوناچانەی كە دەریاچەی ورمێ دەوری دەدان ئاماژە یەكەمەكانیش بۆ بوونیان لەو ناوچانە , دەگەرێتەوە بۆ رۆژگاری فتوحاتی ئیسلامی، كەلەدۆلەكانی بەلاشجان، وساترودان، وچیای سەبلان هەبوون (البلاذری/٢٠٠٨/ص٣٠١؛یاقوت /٢٠١٠/ج١/ص١٢٩؛نیشتمان بشیر محمد/٢٠٦/ل١٣-١٤). وەلەگرنگترین هۆزە كوردەكانی ناوچەكە هەزبانیەكانن لەپال هۆزە كوردەكانی تر كە تیرەیەكی سەر بەو هۆزە بوون ، لە نیوەی یەكەمی سەدەی چواری كۆچی/دەی زاینی سەركەوتن لەدامەزراندنی میرنشینێكی كوردی سەربەخۆ تاكو لەكۆتاییدا بەدەستی سەلجوقیەكان روخێنران(ابن خلكان/٢٠٠٩/ج٣/ص٤٨١؛نیشتمان بشیرمحمد/٢٠٠٦/ل١٤). گومانی تێدانیە كە بەگەیشتنی توركەكان بەهەرێمەكە بووە هۆی گۆرانكاری بەسەر پێكهاتەی دانیشتوانی ناوچەكە ,چونكە یەك لەو شوێنەوارانەی هێرشكاریە توركەكان لەدوای خۆیاندا جێیان دەهێشت قەرارگرتن ونیشتەجێبوون بوو لەوناوچانەی داگیریان دەكرد,بۆیە دوای ئەوەی كورد زۆرینەی پێكهاتەی ئازەربەیجانی پێكدەهێنا وای لێهات ناوچەكانی رۆژهەلات وباشوری رۆژهەلاتی ئەو هەرێمە زۆرینەی دانیشتوانەكەی بوون بەتورك وەلەگرنگترین شارەكوردیەكانی:خوی،سەلماس،ورمێ،ئەشنە-شنۆ،مەرەند...(نیشتمان بشیرمحمد/٢٠٠٦/ل١٤-١٥).

هەروەها هەرێمی ئەرمینیاش كەبەشێكی لەچوارچێوەی جیهانی ئیسلامی وبەشێكیشی سەرەتا لەدەرەوەی دەسەلاتی ئیسلامیدا بوو, ئەوا كوردەكان لەو بەشەی كەزۆربەی كات دەكەوتە سنووری ئیسلامی بەرێژەی زۆر بوونیان هەبوو ئەمەش بەتایبەتی لەوكاتەوە روویدا كە كورد باوەریان بە ئاینی ئیسلام هێناو بوون بە بەشێك لە هێزو هەژموونی ئیسلامی ئەمە رێگای لەبەردەمدا والا كردن كە بە رێژەی زۆر لەژمارەیەك لەو شارانە نیشتەجێ بن كەهاو سنووری ناوچە كوردیەكانی ترن بەتایبەتیش لە گرنگترین ئەوشارانەی كە لەو ماوەیەدا بەكوردی دەناسرێن بریتین لە:خەلات ,ئەرجیش ,باركری-بەرگری ,بەدلیس ,مەلازگرد ... (بروانە:پاشكۆی ژمارە (١) ).

لەشارو ناوچە لێکبلاوەکانی هەرێمی ئارانیشدا ڕێژەیەکی زۆر خەڵکی کورد نیشتەجێبوون، کەمێژووی ئەمەش دیسان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی پێش فتوحاتی ئیسلامی بۆ ناوچەکە هەروەکو (البلاذری) ئاماژە بۆ (رووباری کوردان) لەناوچەکە دەکات .(٢٠٠٨/ص١٨٩). هەروەها لەسەرەتای سەردەمی دەولەتی عەباسیشدا کورد لەشارەکانی :بەرزەعە ،وبەیلەقان ،وباب ،وئەبواب-دەربەندی شێروان ،وجنزە-گەنجە ،وچەند ناوچەیەکی تریش لەهەرێمەکەدا بوونیان هەیە.(المقدسی/١٩٠٦/ص٣٧٧؛ نیشتمان بشیر محمد/٢٠٠٦/ل٢٠). وەزۆربەی دانیشتوانە کوردەکانی ئەو هەرێمەش وەك دەردەکەوێ لەهۆزی هەزبانین بەتایبەتی لەهەردوو تیرەی رەوادی وشەددادین وەهەردوکیانیش لەنیوەی یەکەمی سەدەی چواری کۆچي/دەی زاینیدا سەرکەوتن لەبنیادنانی میرنشینێکی کوردی سەربەخۆ(بروانە:احمد کسروی/١٩٣٠/ب٣/ص٢٧٣؛ نیشتمان بشیر محمد/٢٠٠٦/ل٢٠). وەلەبەرئەوەی کەناوچەیەکی سنووری بوو لەگەل (دار الکفر) جیهانی بێباوەران –دوژمنان بۆیە ئەمەش وای کردبوو کوردەکانی ئەم ناوچەیە ببنە بەرگریکارێکی سەرسەختی سنوورەکانی جیهانی ئیسلامی و زیاتریش دەست والابکرێن لەلایەن بنکەی دەسەلاتی ئیسلامیەوە بۆ سەربەخۆبوون لە بریاری سیاسی وئیداری ناوچەکە (ابن الساعی الخازن/١٩٣٤/ص١٥١,١٧٧؛ الغسانی /١٩٧٥/ص٣٠٤, ٣٢٥ ).

هەروەها سەرەرای ئەو هەرێمە دیارانەی ئاماژەیان بۆکرا کە لەلایەن توێژەرو مێژوونووسانی سەردەمی نوێدا توێژینەوە وقسەو باسی زۆری لەبارەوەکراوە بەلام دانیشتوانی کوردی لەسەرەتای سەردەمی ئیسلامی بەرێژەی زۆر لەناوچەی دیکەش دەبینرێن بەتایبەتی لەناوچەکانی فارس ,وکرمان ,وخۆراسان ,وخۆزستان- ئەهواز ,دیسان لەچوارچێوەی رووداوە مێژووییە جیاوازەکاندا بوونی کورد لەوناوچانە هەستی پێدەکرێت , ئەوەتا لەهەرێمی فارس ئەو هەرێمەی کەدەکەوێتە سەر کەنداوی فارسی-عەرەبی و یەکێکە لەو هەرێمانەی دەکەونە باشوری رۆژئاوای ولاتی فارس (ئێرانی ئێستا) . شایەنی باسە ئەو شوێنانەی لەوهەرێمەدا کوردیان تێدا نیشتەجێبووە ,ناونراون بە :زموم-کۆی-زوم,یان زمە,کەئەوانەش وەکو یاقوت الحموی وگەریدەو ولاتناسانی دیکە ئاماژەی بۆ دەکەن :"شوێن پێ خوست وحوانەوەی هاوینەو زستانەی هۆزە کوردیەکان بوونە "(ابن فقیە الهمذانی/٢٠٠٩/ص٤١٠؛ ٢٠١٠/ج٤/ص٢٢٦-٢٢٨). جێگای باسە سەرچاوەکان زانیاری زۆر لەبارەی (زموم)ی فارس وناوچەکانی تۆمار دەکەن, لەگەل هەموو ئەوشارو گوندو ئەوشارۆچکانەی لە خۆیان دەگرێت لەگەل گوزەران وباری کۆمەلایەتی وئابوری وپەیوەندیەکانیان لەگەل سەنتەری خیلافەتی عەبباسیدا (بۆزانیاری زیاتر لەم باریەوە بروانە :الاصطخری/٢٠١١/ص٨٠-٩١؛ حکیم احمد مام بکر/٢٠١٤/ل١٤٥-١٥٧). واتە لەماوەی سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامیدا هەوالەکانی کورد لەهەرێمی فارسی بەردەوام دەبینرێن ، وەتەنانەت زۆرجار لەرووداوەکاندا ئاماژە بە ژمارەی چەکدارەکانیشیان کراوە ئەوەتا لەوجەنگ وململانێیەی فەرمانرەوای دەولەتی سەففاری یەعقوبی سەففار لەگەل خیلافەتی عەبباسی ووالی خەلیفە لەهەرێمی فارس لەسالانی (٢٥٥-٢٥٦ك/٨٦٩٠٨٧٠ز) کەسایەتی وومیرێکی کوردی ناوچەکە بەناوی احمدی کوری لەیسی کوردی لەگەل پێنج هەزار لە سەربازانی کوردی دانیشتوی فارس لەشەری یەکەمدا(الطبری/١٩٧٩/ج٩/ص٤٧٤؛ ابن خلکان/٢٠٠٩/مج٣/ص٤٠٢-٤٠٣؛ مەهدی عوسمان هەروتی/٢٠٠٨/ل٧٠-٧١), ولەشەری دووەمیش بەنزیکەی پازدەهەزار یارمەتی والی خەلیفە دەدەن لەدژی سوپای یەعقوبی سەففاری ئەگەرچی لەجەنگی یەکەمدا سەردەکەوێت بەلام لەدوەمیاندا شکست دەخۆن وپاشەکشە دەکەن (ابن الاثیر/٢٠١٠/ج٧/ص١٩٤؛ ابن خلدون/٢٠١١/مج٤/ص٦٨٨) ئەمەو چەندین بەشداری دیکەی کوردانی هەرێمەکە لەرووداوەکاندا.(بۆزیاتر زانیاری بروانە:الطبری/ج٩/ص٤٧٤؛ جەمشید سەداقەت کیش/٢٠١٠/ل٣١-٦٠؛ مەهدی عوسمان هەروتی /٢٠٠٨/ل٧٠-٧١).

ئەوەی جێی تێرامانە ئەوەیە کە لەسەدەی پێنجی کۆچ /یازدە زاینی بەدواوە ئەوزانیاریانەی کەلەبارەی کوردانەوە لەم هەرێمە دەگات زۆر کەمە ئینجا دەکرێ ئەوەش بۆ کۆمەلێك هۆکار بگەرێتەوە کەجێگای باسی ئەم توێژینەوەیەو لەتەوەرەکانی داهاتوودا هەولدەدرێ گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ.

لەهەرێمی خۆزستان-ئەهوازی ئێستاش دیسان دانیشتووی بەرگەز کورد بوونی هەبووە ئەو ناوچەیەش کەهەرێمێکی بچوکی باشوری رۆژئاوای ولاتی فارس ونزیك هەرێمی چیاکان بوو, بەتایبەتیش بەشەکانی باکورو باکوری رۆژهەلات (ابو الفداء/١٨٤٠/ص٣١١) . لەگرنگترین ئەوشارانەش کەکوردی تێدا نیشتەجێبوو: جوندنیسابور، رامهورمز، داربان، بوون لەوناوچانەشدا کورد لەماوەی سەدەی چواری کۆچی /دەی زاینی رۆلی خۆیان هەبوو, هەروەکو (ابن بطوطە) ی گەریدەش ئاماژەی بۆدەکات ,تاکو سەردەمەکانی دواتریش کورد هەر لەوشارانەدا مابوون، وەکو خۆی دوای سەردانەکەی بۆ ئەوناوچانە بینیونی دەلێت:" هەندێك گوند هەیە کورد تیایدا دادەنیشن"(٢٠١١/ص١١١؛ نیشتمان بشیرمحمد/٢٠٠٦/ل٢١-٢٢).

هەروەها لەهەرێمی خۆراسانیش ئەوبەشەی کە بەنزیکەیی دەکەوێتە رۆژهەلاتی ئێرانی ئێستا هەندێ لە ولاتناسانی سەدەی چوارەمی کۆچی ئاماژە بە بوونی کورد دەکەن تیایدا ,وەکو ئەوەی لەچەند کۆمەلەیەکی کۆچەری وشوانکارەیی لەزۆربەی

بارەکاندا گەران بووە بەدوای رۆژاك وئاوو گژوگیاو پاوان ,یان لەشێوەی گوندی شوانکارەیی بووە(حكیم احمد مام بكر/٢٠١٤/ل١٥٨). بەلام اصطخری کەباسی شاری (ئەشترج-ئەندەخز) دەکات ودەلێ: شارێکی بچووك بووە لە بیاباندا کە حەوت گوندی بەسەرەوە بووە ,وماڵە کوردەکان خاوەن مەرو مالات ووشتری تووکن وبێ تووك بوونە(٢٠١١/ص١٨٨؛ حكيم احمد مام بكر/٢٠١٤/ل١٥٩).هەروەها باسی کورد کراوە لەناوچەی قهستان کەسەر بەهەرێمی خۆراسان بووە کەدەلێن هەشت شاری لەخۆگرتووە ئەمە سەرەرای ئەوەی چەندین گوندوناوچەی ئاوەدانی بەسەرەوە بووە کەلەنێوانیاندا پانتاییەکی زۆری دەشت ودەری بەرفراوان هەبووە(ابن حوقل/ ١٩٣٩/ص٤٢٧؛ ياقوت /٢٠١٠/ج٢/ص٣٥١؛ حكيم احمد مام بكر/٢٠١٤/ل١٥٩). هەروەکو باسدەکرێت چەند بارەی ئەو شارانە کورد خاوەن مالات ووشترەکان لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوونە(الاصطخری/٢٠١١/ص١٩٠؛ ابن حوقل/١٩٣٩/ص٤٤٦). لەهەمان کاتدا وەکو تێبینی دەکرێت کە اصطخری ناوی گوندێکی بردووە بە (گوندی کوردەکان) ئەمەش لێرەوە هاتووە کە باسی ماوەی نێوان ئەو رێگایانەی کردوە کە شارو گوندەکانی خۆراسان یەك بەوەی دیکە دەبەستێتەوە (٢٠١١/ص١٩٤).

بەهەمان شێوەی ناوچەکانی تر لەیەکێك لە ئاماژەکانی ولاتناسان دەردەکەوێت کەلەکرمانیش دانیشتووی کوردی بەژمارەی زۆر هەبووە , ابن حوقل ئەوتاکە سەرچاوەیە کەلە دەقێکی دوورو درێژدا لەبارەی ئەو کوردانە دەدوێ و باس لە ئازایەتی وچاو نەترسیان وژمارەیان دەکات کە بە چەندین هەزار مەزندەیان دەکات بەلام هەر لە درێژەی باسەکەیدا دێتە سەر ئەوەی کەلە سەر دەستی پاشاکەیان لەناوچەکە بەرەو رووی کوشتارو هیلاکی و وێرانکاری وئاوارەبوون وپارچەپارچەبوون بوونەتەوە دەست بەسەر مال وسامانیاندا گیراوە ودواتر ناردنیانی بۆ خزمەتکردن ,بۆیە هەلاتوون لە ناوچەکەو لەمەملەکەتەکە دوور کەوتوونەتەوە (١٩٣٩/ص٣١٠). هەروەها یەکێك لەتوێژەران پێیوایە ئەم پاشایە یەکێك بێت لەدەسەلاتدارانی بوەیهی یان میرانی حەسنەوەیهی (حكيم احمد مام بكر/٢٠١٤/ل١٦١).

شایەنی باسە سنوری ئەو ناوچەوهەرێمانەی خرانە روو کە کوردیان تێدا نیشتەجێبووە لەو سەردەمانەدا ,ئەگەر بێتوو هێلی بۆ بکێشرێ یان سنوری بۆ دیاریبکرێ ,وەك لەلایەن زۆر لەمێژوونووس وجوگرافیناس ونووسەرانی سەردەمی نوێدا هەولی بۆ دراوە(بروانە : بەدلیسی/٢٠١٠/ل٩٣-١٠١؛ عبدالرحمن قاسملو/د.ت/ص١١-١٣؛ زرار صديق/ ٢٠٠١/ص٤١-٤٥) بەرەو رووی چەند کێشەیەك بوونەتەوە , یەکێك لەوانە گۆرانی سنوری ئیداری ئەو هەرێمانەیە کە کوردی تێدا ژیاوە, یاخود جۆری ژیانی کورد لەوکاتانەدا کەبەشێکی زۆریان بەشێوەی کۆچەری یان نیمچە کۆچەری دەژیان وبەبەردەوامی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگۆری ,وەلەهەمووان گرنگتر ئەوەیە کەبەهۆی ئەوبارودۆخە سیاسی وسەربازیەی بەسەر ناوچە کوردنشینەکان دەهات لەهێرشکاری بەردەوامی هێزە دەرەکیەکان بەتایبەتی لەبەرەی رۆژهەلات وباشوری رۆژهەلات یان باکوری رۆژهەلات ,وەك هێرشی غوزەکان کە کۆمەلێك هۆزی تورك بوون لەسەدەی پێنجی کۆچی/یازدەی زاینی چەند هەلمەتێکیان بۆ جیهانی ئیسلامی وناوچە کوردیەکان دەست پێکرد ,لەدوای ئەوانیش سەلجوقی ومەغۆل ,وتەیموریەکانیش کەبەدوای یەکداهاتن. ئەمانە نەخشەو سنوری ناوچە کورد نشینەکانیان لەو بەرەیەوە کەناوبرا بەرتەسك دەکردەوە(بروانە:زرار صديق/٢٠٠١/ص٤٢-٤٣؛ تريفه احمد عثمان برزنجی/٢٠١٠/ص٣٠-٣١).

**تەوەرەی دووەم:کۆچکردنی کوردان: پێشهات وهۆکارەکانی:-**

کۆچ بە سادەترین ماناکانی واتە گواستنەوە لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگەیەنێت ، یان جێهێشتنی شوێنێك بۆ شوێنێك لەبەر هۆکارێك زیاتر ئەمەش بەرادەی کۆنی مرۆڤ لەسەر زەوی کۆنە , وەوابەستەیە بە جولەی ژیان وزیندەگی لەگەل توندوتیژی بارودۆخ ونالەباری رێگاکان وفراهەم نەبوونی پێداویستیەکان ، وەئەوەی کۆچبەر دەی کێژێ لەجێهێشتنی کەس وناسیاوی ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ حەودالی بەجێگەیاندنی ئامانجەکەی وگەرانە بەدوای هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی ودلنیایی داهاتووەکەی واتە کۆچ یەکێکە لەدیاردە مرۆڤایەتیەکانی کە گەلێکجار خەلك وکۆمەلگاکان پەنای بۆ دەبەن ئینجا ئەویش بەدووجۆری کۆچی ئارەزوومەندانەوە کۆچی زۆرەملێ دەگرێتەوە کەهەردووجۆریان لەئەنجامی کۆمەلێك هۆکارەوە ئەنجامدەدرێت لەمێژووی کۆمەلگەی کوردیشدا ئەم دیاردەیە چەندین جار تێبینی دەکرێت ئەگەرچی بەدلنیاییەوە هەموو رووداوەکانی کۆچی کوردان بەئێمە نەگەیشتوون بەلام لەم تەوەرەیەدا هەولدەدرێ ژمارەیەك لەوکۆچانەی کەلەسەرچاوەمێژووییەکان لەبارەی کوردەوە ئاماژەیان بۆ کراوە لەگەل هۆکارەکانیان بخەینەروو.

گومانی تێدانیە ئەوهۆکارانەی کەدەبنە هۆی کۆچ پێکردنی هەر گەل ونەتەوەوخەلکێك زۆرو جۆراوجۆرن بەهەمان شێوەی ئەوەی بەسەر کوردانیشدا هاتووە هەربەو جۆرەیە بەلام بەرلەهەموو شتێك نەبوونی سنورو بەربەستە لەنێوان هەرێمەکاندا ئینجا ئەوانی تر کەهەندێکیان بەهۆکاری سیاسی وفشاری سەربازی وترس وبیمەوە لێکدراوەتەوە، یان هۆکاری کۆمەلایەتی ، یان ئاینی وبۆجیهاد، وهەندێکی تریان بەهۆی گەران بەدوای بژێوی باشترو بازرگانی ولەوەری باش، یان بەهۆکاری زانستی وگەران بەدوای زانست وزانیاری، یاخود لەبەر برسیەتی وقات وقری وگرانی وگەیشتن بە تروسکاییەکی ژیان ومانەوە ,یان هەندێکجاریش لەترسی مەرگی لەناکاوی توشبوون بەپەتاو نەخۆشی بەربلاو، بەتایبەتی وەکو پەتای تاعون ئەمەو چەندین هۆکاری دیکەی کەلەباسی ئەو رووداوە جۆربەجۆرە مێژوویانەی کە بەسەرکورداندا هاتوون وناچار بەکۆچیانکردوون تێبینی دەکرێت .

بەلام بەرلەهەموو شتێك دەکرێت بووترێ کەبەشێکی زۆری  پەرتەوازەبوون وکۆچی کوردەکان ئارەزوومەندانە بووە بەتایبەتی لەدوای فتوحاتی ئیسلامی ودوای ئەوەی کەکوردبوو بەبەشێك لەسەربازو هەلمەتە سەربازیەکانی فتوحاتی ئیسلامی ئەوەرێگای زیاتر لەبەردەم والاکرد وەکو عەرەبەکان ،هۆزەکانیان پەل بهاوێن بۆ زۆر ناوچەی دیکەی کەپێشووتر کوردیی نەبوون بەتایبەتی وەك ابن حوقل دەلێت: کوردەکان لەسەدەی چواری کۆچی/دەی زاینی دەسەلاتیان درێژبوویەوە بۆ شاری (ئەبهەر) و ئەوناوچانەی کەسەربەوبوون لەنێوان قەزوین وزنجان(١٩٣٩/ص٣٦٠؛أرشاك پولادیان/٢٠١٣/ص٦٠-٦١), هەرلەگەل دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامی بۆ ئێران سەرچاوەکان ئاماژە بەبوونی کورد لە هەرێمەکانی فارس وکرمان [ناوچەکانی ئێرانی ئێستا] دەکەن بەتایبەتی کوردە لورەکان , یاخود بوونی کورد لەئەرمینیاو ئاران لەسەدەی دەی زاینی بەتایبەتی کوردە هەکاریەکان کەلەبنەچەدا خەلکی باکوری موسل بوون(یاقوت/٢٠١٠/ج١/ص٥٤؛ج٥/ص٤٠٨؛ أرشاك پولادیان/٢٠١٣/ص٥٦), یان کۆچکردنی کوردە حەمیدیەکانی باکوری موسل بۆ ناوچە سنووریەکانی ئیسلامی –بیزەنتی لەچوارچێوەی سنوری ئیداری دیاربەکر لەنیوەی دوەمی سەدەی چواری کۆچی/دەی زاینی (ابن خلدون/٢٠١١/ج٢/ص١٣٣٠-١٣٣١؛ أرشاك پولادیان/٢٠١٣/ص٥٧), کەلەبنەچەدا قەلای (عقر-ئاکرێ وشوش) لەمولکەکانیان بوون، واتە بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەی ئەوکوردانەی گەیشتن بە ئەرمینیاو ئاران ناوچەکانی موسل بوو هەر لەسەدەی دووی کۆچی/هەشتی زاینیەوە بۆماوەیەکی دوورودرێژ ،بەتایبەتی،کوردە،بوختی،وبەشەوی وهەکاری وهەزبانیەکان (أرشاك پولادیان/٢٠١٣/ص٦٥).

هەروەها یەکێتی هۆزایەتی گەورەی هەزبانی کەبەکردەوە دوژمنکاریەکانی جیادەکرایەوە لەدەوروبەری موسل ,وەکو هۆزێکی نیمچە کۆچەر شوێنی بنچینەیی ناوچەکانی باکورو رۆژهەلاتی موسل بوو , کە وەرزی زستانیان لەگەل مەرومالاتەکانیان لەناوچەکانی نێوان هەردوو زاب بەسەر دەبرد بەلام بەبەردەوامی کۆچ وکۆچباریان هەبووە لەنێوان هەموو ناوچەکانی موسل وئازەربەیجان وداسنی شاخاوی , بەلام دوای ئەوەی هێرشکاری زۆریان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری موسل ئەنجام دەداو لەکۆتاییدا لەسالی ٢٩٣ك/٩٠٦ز عەبباسیەکان بەیارمەتی حەمدانیەکان بەسەریاندا زالبوون , ناچارکران بەکۆچکردنی بەشێکیان بۆ ئازەربەیجان وبەشێکی تریشیان بۆناوچەی حەززەی سەربەهەولێر (بۆزیاتر زانیاری بروانە :ابن الاثیر/٢٠٠٩/ج٧/ص٢٤٩-٢٥٠) تاکودواتر میرنشینێك لەوشارە بنیاد دەنێن بۆماوەی نزیکەی سەدەیەك(بروانە: زرارصدیق/٢٠١٠/ص١٤٨-١٥٢).

بەشێکی تری کۆچی کوردان دەگەرایەوە بۆهۆکاری شکستهێنانی ئەوبزووتنەوانەی بەشداریان تێدادەکرد لەدژی دەولەتی ئیسلامی بەتایبەتیش بزووتنەوەی خەواریجی ئەوەتا بەنموونە هەروەکو ئەوبزووتنەوەی کەهارون الشاری لەنیوەی یەکەمی سەدەی سێی کۆچی/نۆی زاینی لە موسل پێی هەلسا لەدوای ئەوەی ناوبراو لەسالی ٢٨٢ك/٨٩٥ز دەکوژرێ وبزووتنەوەکە شکست دەخوات . ئبیراهیمی کوردی باوکی دەیسەم کەهاوەل ولایەنگیری هارون بوو لە بزووتنەوەکەی ولەکوردە هەزبانیەکانی دەوروبەری موسل بوو کۆچ دەکات بۆ ئازەربەیجان ولەوێ دەگیرسێتەوە تاکو دەمرێ وئینجا دەسەلاتداریەتی دەیسەمی کوری لەدوای خۆی لەناوچەکە دەست پێدەکات کەژمارەیەکی زۆر لەکورد ودەیلەم لەدەوری کۆدەبنەوەو بۆماوەیەك فەرمانرەوایی ناوچەکە دەکات(بۆزیاتر زانیاری بروانە: مسکویە/١٩١٥/ج٦/ص٤٠٤؛ الباخرزی/١٩٧١/ج١/٣٨٦؛ ابن الاثیر/٢٠٠٩/ج٧/ص٢١٨-٢١٩؛ مەهدی عوسمان هەروتی/٢٠٠٨/ل٧٩-٨٢). یەکێکی تر لەرووداوەکانی کۆچی کوردان وپەراگەندەبوونیان ئەوبەسەرهاتەیە کە تاکە ولاتناسێکی ئیسلامی لەبارەیەوە دەدوێ ئەویش کۆچی کوردانی کرمانە کەدوای ئەوەی ئاماژە بەژمارە زۆری وئازایەتی ورۆلین لەناوچەکە دەکات ئینجا باس لەوەدەکات کە لەبەرئەوەی رێگەیان بەرێبواران دەگرت وخەلکیان دەترساند بۆیە دەسەلاتداری ناوچەکە[بەبێئەوەی ناوی ئەو دەسەلاتدارە ببات ] هێرشین دەکاتە سەرو شان وشەوکەتیان دەشکێنێت ودەست بەسەر مال وسامانیان دادەگرێ ناوچەکەیان وێران دەکات وبەشبەشیان دەکات وملکەچیان دەکات لەدرێژەی باسەکەیدا دەلێت :"... بۆیە هەلاتن لەناوچەکەو لەوەمملەکەتە دوور کەوتنەوە"(ابن حوقل/١٩٣٩/ص٣١٠) واتە بەگوتەی ناوبراو بێت دەبێ کوردەکانی کرمان لەدوای ئەم رووداوەوە بەهۆکاری فشاری سیاسی وسەربازی کەلەسەردەستی ئەم

دەسەلاتدارە ،کەتوێژەر حکیم احمد مام بکر بەمیرێکی بوەیهی یان حەسنەوەیهی گومانی بۆ دەبات(٢٠١٤/ل١٦٠-١٦١), ئەوناچەیان چۆلکرد بێ ولەهەرێمەکە نەمابن لەوانەیە بەرەو رۆژئاوی خۆیان کۆچیان کردبێ واتە کشابن بەرەو ئەوناوچانەی ئێستا کوردین. لەبەرئەوەیە دەکرێ بوترێ کەبەشێکی گۆرانکاریە دیمۆگرافیەکانی دانیشتوان پەیوەندی بە قەلەمرەوی میرنشینەکانەوە هەبوو کاتێ دەسەلاتیان بەهێز دەبوو فراوانخوازیان ئەنجامدەدا وناوچەی کوردنشینیش فراوان دەبوو بەلام کاتێ بێهێز دەبوون کردارەکە پێچەوانە دەبوویەوە.

هەر بۆیە وەك دیارە زۆرترین ئەوهۆکارانەی کاریگەریان هەبووە بەسەر کۆچی کوردان هەلمەت و لەشکرکێشیە سەربازیەکان بوون بەتایبەتی ئەوانەی بەرەشەکوژی ناوبانگیان دەرکردبووکەبەشی زۆریشیان لەبەرەی رۆژهەلات وباکوری رۆژهەلاتی ناوچە کوردنشینەکانەوە ئاراستەیان گرتبوو کە زۆربەی جار سەرەرای بەرگری بەرچاوی شارو قەلای ناوچەکانی ئەم بەرەیە ناچاریش بەکۆچکردن دەبوون لەپێناو پاراستنی گیانی خۆیان ومال ومندالیان , ئینجا یەکێك لەو هەلمەتە مەترسیدارانە لەشکرکێشی غوزەکانە کەلەچەند هەلمەتێکی جیاوازدا لەنیوەی یەکەمی سەدەی پێنجی کۆچی/یازدەی زاینیدا بۆسەرناوچە کوردیەکان سەرەرای کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەلك وتالانی وبەدیلگرتن خەلکێکی زۆریش دوای شکستی شارەکانیان هەولی خۆرزگارکردن دەدەن وکۆچ دەکەن وناوچەکانیان جێدەهێلن بەتایبەتی شارەکانی وەك هەمەدان ورەی (ابن الاپیر/٢٠٠٩/ج٩/ص١٨٠). هەروەها لەوهێرشەش کەلە سالی ٤٣٢ك/١٠٤٠ز کردیانە سەر ولاتی هەکاری کوردەکان دوای بەرگریەکی توند شکان وکۆچیانکرد بۆ نێو شاخ ودۆلەکان ,واتە دیسان ناوچەکانی خۆیان جێهێشت(ابن الاثیر/٢٠٠٩/ج٩/ص١٨١).

بەدوای غوزە تورکەکانیش راستەوخۆ هەر لەنیوەی یەکەمی سەدەی ناوبراودا ئەمجارە کوردەکان بەدەستی لەشکرکێشی سەلجوقیە تورکەکانەوە کەوتنە تەنگەتاوی و کوشت وبرو کۆچکردنەوە بەتایبەتی لەوهەلمەتەی سالانی ٤٣٤-٤٣٨ك/١٠٤٢-١٠٤٦ز کردیانە سەر هەرێمی چیاکان دیسان خەلکێکی زۆر ئاوارەوناچار بەکۆچکردن بوون بەرەو شوێنی ئارام بەتایبەتی لەشارەکانی :قرمیسین-کرماشان, وحلوان, وقەلای سیروان(بروانە:ابن الاپیر/٢٠٠٩/ج٩/ص٢٣٦-٢٣٧؛ سبط ابن الجوزی/ص٣٩١ ؛ نیشتمان بشیر محمد/٢٠٠٦/ل١٠٥) لەنێو ئەمانەشدا شاری حولوان لەسالی ٤٤٧ك/١٠٥٥ز بەدواوە هەوالی زۆر بەدەگمەن لەسەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە ئینجا بەهۆی ململانێی نێوخۆیی دەسەلاتدارانی ناوچەکە بێ کەعەننازیەکانن یان پەلاماری غوزو سەلجوقیەکان خاپور بوو, وە دانیشتوانەکەشی زۆربەیان شارەکەیان جێهێشت وکۆچیان کرد, تاکو کۆتایی سەدەی پێنجی کۆچی/یازدەی زاینی ئینجا لەئەنجامی هەندێ ململانێی دیکە ناوی شارەکە لەسەرچاوەکان پەیدادەبێتەوە(بروانە:هەمزە کاکەیاسین/٢٠١٣/ل١٢١-١٢٢), لەدرێژەی هەلمەتەکانیاندا سەلجوقیەکان بۆ هەرێمی ئەرمینیا لەسالی ٤٤٦ك/١٠٥٤ز هێرشیان کردە سەر شاری ئەرزن ودوای تالانی وبرۆیی زۆر خەلکە کوردەکەی کۆچیان کرد بۆ شاری قالیقلا هەرئەوشارەشیان بەناوی شارەکەی خۆیانەوە ناونا بە (ئەرزن)بەلام دواتر بە ئەرزنی رۆم ناسراو[ئێستاش بە ئەرزەرۆم ](نیشتمان بشیر محمد/٢٠٠٦/ل١١١).

هەر لەئەنجامی سیاسەتی ستەمکارانە وزۆری سەلجوقیەکانیش بەشێکی زۆری گاوانیەکان –(جاوانیەکان) ناچاربوون بۆ پاراستنی مال وسامان ئابروی خۆیان ناوچە بەرزاییەکانی رۆژئاوای هەرێمی چیاکان بەجێبهێلن وبەرەو ناوچەی جامعین [کەشارۆچکەیەك بوو لەنێوان حلله وبەغدا] کۆچبکەن , کەدواتر هاوبەشیان لەگەل مەزیەدیەکان کرد لەدروستکردنی شاری حیلله, ناوی گەرەکێکی گەورەی شارەکەش هەر بەناوی (گەرەکی کوردان) ناونراوە (مستەفا جەواد/ ١٩٧٣/ل٤٢-٤٣؛ رەسول ئیبراهیم رەسول/٢٠١٣/ل١٣١), وەپەراگەندەبوونی هۆزی گەلالی بەناوچەکانی شارەزوورو دەرتەنگ وئازەربەیجان(العمری/٢٠٠٣/ج٣/ص٢٦٠-٢٦١؛ رەسول ئیبراهیم رەسول/٢٠١٣/ل١٣٢), هەموو ئەمانە نمونەگەلێکی ئەو بارودۆخەن ئەمەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر دیارنەمانی زۆر لەخێل ومالباتی کوردی ,هەتا لەناوچوونی هەندێکیشیان کەهۆزی گاوان نمونەیەکە لەمانە(رەسول ئیبراهیم رەسول/٢٠١٣/ل١٣٢).

ئەمجارە دیسان لەسەرەتای سەدەی حەوتی کۆچی/سێزدەی زاینی هەلمەتی هێزی سێیەمی دوژمنکارانەی ئاراستەگرتوو لەباکوری رۆژهەلات ورۆژهەلات کەخوارزمیەکانن بۆسەرناوچە کوردیەکان ئەویش درندایەتیەکی زۆری بەکارهێنا لەکوشتن وبرین وتالانی بۆیە خەلکێکی زۆر لەژێر فشاری سەربازی وترس ولەپێناو سەلامەتیدا ناچار بەکۆچکردن بوو وەك ئەوەی بەرامبەر بەشاری خەلات , وداقوق ئەنجامیاندا لەسالی ٦٢٢ك/١٢٢٥ز (الیافعی/١٩٩٧/ج٤/ص٣٩) تەنها ئەوان بێزیان دەرچوون کەرایانکرد واتە کۆچیانکرد ولەشارەکە نەمان(ابن الاپیر/٢٠٠٩/ج١٢/ص٢١٠؛ الیافعی/١٩٩٧/ج٤/ص٥٢؛ نافع توفیق العبود/١٩٧٨/ص١٦٥). هەرچی شاری خەلاتیشە ئەوە زیاتر لەهەرشارێکی تر تالی ستەمی ئەو هێزە سەرکوتکەرەیان چەشتووە وبەناچاری مال وسامانیان بەجێهێشتووە وکۆچیانکردووە(محمدامین زکی/٢٠٠٦/ج١/ص١٤٧) چەند بنەمالەیەکیان

لەشاری قاهیرەی میسر گیرساونەتەوەو بوونی گەرەکێکیش بەناوی (حی الخلاطين )بەڵگەی زۆری ڕێژەیان بووە لەو شارەدا(حكيم عبدالرحمن زبير البابيرى/٢٠٠٥/ص٢٢٩؛ ڕەسول ئیبراهیم ڕەسول/٢٠١٣/ل١٣٢).

سەبارەت بەمەغۆلیش کەپاشکۆو ڕاوکەری خوارزمیەکان بوون وراستەوخۆ دوای هێزی ناوبراو گەیشتنە ناوچە کوردنشینەکان ئەوا کۆی مێژوونووسان لەسەر ئەوە هاوران کەهیچ سوپایەك لەمێژوودا ئەوەندەی ئەوان دلرەق وبێ بەزەیی ووێرانکەر نەبووە وەك هێزێکی ناموسلمان , نەك بەرامبەر بەمرۆڤ بەلکوئاژەلەکان ودارو درەختیش (ڕەسول ئیبراهیم ڕەسول/٢٠١٣/ل١٢٩).

بۆیە شالاوەکانی ئەم هێزە ڕێژەی کۆچی هۆزەکانی زیاتر کرد بەرەوشام ومیسر , کەشارەزووریەکان لەدیارترینی ئەوانە بوون کە ملکەچیان بۆ مەغۆل پێ قبول نەکرا یان لەبەر زەبرو زەنگی ئەوان بەرێژەیەکی زۆر کۆچیان کردو لەمیسریش تێپەرین وچەند بنەمالەیەکیان گەیشتن بەتونس ومەغریب ومەراکیش وتیایدا مانەوە لەوانەش :بنەمالەی (محمد كورى قالون )ی ناسراو بە مزوار کەدوای هێرشی مەغۆل بۆ سەر شارەزوور وداگیرکردنی شاری بەغدا بەرەو رۆژئاوا کۆچیانکردووە.(ابن خلدون/٢٠١١/ج٤/ص٢٦٠٩؛ ڕەسول ئیبراهیم ڕەسول/٢٠١٣/ل١٣٢-١٣٣). هەردوو هۆزی لاوین وباپیری کە (العمرى )بە (الوسه والباسريه) ناوی هێناون نیشتەجێی شارەزوور بوون بەلام لەبەر فشاری هێزی داگیرکەرانی مەغۆل کۆچیان کردووە بەرەو شام ومیسر(٢٠٠٣/ج٣/ص٢٦١؛ القلقشندى/ ١٩٨٧/ج٤/ص٣٧٤). وەبەشێکی هۆزی گەلالیش ئاوارەی هەمان شوێن بوون (العمرى/٢٠٠٣/ج٣/ص٢٦١) , دانیشتوانی شارەکانی جەزیرەش کەسەرچاوەیەك بەحەفتاهەزار کەس مەزەندەی کردوون کۆچیانکرد بەرەو شام(ابن العبرى/ ٢٠٠٥/ص٣٢١)دواتریش لەژێرسایەی مەغۆلدا کوردەکان ئۆقرەیان بەخۆوە نەبینیوە , بۆیە زۆرجار بەناچاری ڕێگەی کۆچیان هەلبژاردووە ,وەك ئەوەی چەند بنەمالەیەکی ناوچەی سنجار-شەنگال سالی ٦٧٥ك/١٢٧٦ز کۆچیانکردە شام بەخۆیان ومەرومالات ومال وسامانیان.(ابن العبرى/٢٠٠٥/ص٣٣٢). بەتایبەتیش لەسەر ئاستی تاکەکەسی وبنەمالەشدا چەندین نمونە لەسەرچاوەکاندا دەست دەکەون کەکوردەکان لەبەرترس وکوشت وبری مەغۆلەکان ناوچە کوردیەکانیان جێهێشتووە وکۆچیان کردووە بۆ ولاتی شام ومیسر لەمانەش وەکو (محمد كورى على كورى ابى الفتح ابو عبدالله السنجار الديمشقى) هەربەهۆی لەشکر کێشی مەغۆلەکان لەشەنگالەوە کۆچی کرد بۆ شاری دیمەشق ئەمەو چەندین کەسایەتی دیکە...(تريفه احمد عثمان/٢٠١٠/ص١٠٨).

هەروەها بەهۆکاری زانستی وگەران بەدوای زانست وزانیاریدا یان وتنەوەی وان لەقوتابخانە دیارەکانی شارەگەورەکان یان کارکردن لەبیمارستانەکان چەندین زاناو کەسایەتی دیارمان هەیە کەلە ناوچە کوردیەکان کۆچیان کردووە بۆ شارەکانی وەکو دیمەشق وحەلەب وقاهیرەو بەغدا وموسل... لەمانە وەك کەسایەتی (محمد كورى القاسم كورى هبه الله كورى القاسم كورى على كورى محمد الحريرى, ابو عبدالله كورى ابى محمد الطبيب الحكيم) کەخەلکی دونەیسەر بوو خۆی وباوکی یەکێك بوون لەپزیشکە هەرە بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلامی وناوبراو لەپێناو بەدەستهێنانی زانستی پزیشکی وئەدەبی وخزمەتکردنی خەلك چەندین شارو ولات گەراوە وکۆچی کردووە بەتایبەتی لەسەرەتادا کۆچی کردووە بۆ بەغداو دواتر بۆ شاری نیسابور وچەند ناوچەیەکی تر (بروانە: ابن الشعار/٢٠٠٥/مج٥-ج٦/ص٢٣٥-٢٣٦). لەگەل چەندین کەسایەتی تری وەکو ابن ابى الهيجاء ی هەزبانی مێژوونووس و هاورێی فەیلەسوف (العز الضرير) لەهەولێرەوە بۆ میسرو شام لەتەمەنی گەنجێتیدا سەرەتا لەپێناوی زانست وزانیاری بەلام دواتر سەرەرای بەشداری شەری جیهادی وزانست وزانیاری بەلام ابن ابى الهيجاء تێکەل بەدەسەلات وبەرێوەبردنیش دەبێ وپۆستی ولایەتی دیمەشق لەسالی ٦٨٤ك/١٢٨٤ز وەردەگرێ تاکو مردنی لەسالی ٧٠٠ك/١٣٠٠ز . تەنانەت لەبەر مانەوەی بۆماوەیەکی زۆر لە دیمەشق وخۆشەویست بوونی ئەوگەرەکەش کەتیایدا دەمایەوە کەناوی درب سعود-سقور بوو هەر بەناوی ئەو ناودەبرا بۆ ماوەیەکی زۆر دوای خۆی واتا (درب ابن ابى الهيجاء) هەروەکو ابن كثير ئاماژەی بۆ دەکات کەسەردانی ناوچەکەی کردووە (بۆ زیاتر زانیار بروانە:٢٠٠٨/ج٩/ص٢٣٨؛ مەهدی عوسمان هەروتی:٢٠١٥/ژ(٣٤)/ل٢٤٣-٢٤٤)هەروەکو لەبارەی زانستەوەش وەسفی دەکات ودەلێت:"...زانا بوو بە ئەدەب ومێژوو"(٢٠٠٨/ج٩/ص٢٣٨), یان وەك الصفدى دەلێت:" بەشداریەکی باشی هەبوو لە مێژوو وئەدەب وزانستی کەلام"(٢٠٠٠/ج٥/ص١١٢).

هەروەها هەندێکجار کێشەی کۆمەلایەتی یان ململانێی هۆزایەتی ورەگەزی و نەتەوەییش دەبووە هۆکارێك بۆ کۆچ پێکردنی ژمارەیەکی زۆری کوردەکان وەك ئەوکێشە کۆمەلایەتیەی کەلەسالی ٥٨١-٥٨٢ك/١١٨٥-١١٨٦ز لەنێوان کورد وتورکەکان لە جەزیرەوموسل،ودیاربەکر،وخەلات،وشارەزوور(العمرى/ج٢٧/ص٢٥٢),ونوسەیبین(ابوشامه/٢٠٠٢/ج٣/ص١٧٤),وە(شام)و( ئازەربەیجانیشی) گرتەوە ,ژمارەیەکی زۆر لەخەلك کوژران وەبەشێکی زۆریشی کۆچیان کردوناوچەکانی خۆیان جێهێشت ناوچەکانیانیان کاول بوون وبەرووبوومەکانیان بەتالان بردران(ابن العبرى/٢٠٠٥/ص٢٠٦؛ رشيد الجميلى/١٩٧٠/ص٢٨٦)

،هۆكاری ئەم كێشەیەش تەنها ئەوەبوو كەكەژاوەیەكی بوك گواستنەوەی توركمانەكان رێگای بەنزیك قەلای (زۆزان)ی نزیك لەشاری موسل دەكەوێت كەدانیشتوانەكەی كوردن، داوای شیرینیان لێدەكەن وئەوانیش رەتیدەكەنەوە لەئەنجامدا دەمەقالی دروست دەبێ دەگاتە ئاستی یەكتر كوشتن وكورتەی رووداوەكەش ئەوەدەبێ كەشەرێكی گەورەی لەنێوان هەردوو نەتەوەی كورد وتوركی لێ هەلدەگیرسێ وبەگوتەی مێژوونووسان چەند هەزار كەسێك لەهەردولا دەكوژرێن(ابن الاثیر/٢٠٠٩/ج١١/ص٢٤٨؛ ابن العبری /٢٠٠٥/ص٢٠٦؛ الذهبی/ ١٩٩٧/ص٨-٩) ودوای ژمارەیەك بەیەكتر دادان كاتێ كوردەكان تێكدەشكێن توركمانەكان هێرش دەكەنە سەر شارو دێهاتە كوردیەكان وخەلكەكەش بەژمارەیەكی زۆر رایانكرد وناوچەكانی خۆیان جێهێشت وەك مێژوونووسی نادیاری رەهاوی دەلێت:"توركەكان وایان لێهاتبوو هەركەسێكی پێی گەیشتبان لەبازرگان ورێبوار ،گوندی كوردەكان هەموویان چۆلكرابوون وكاول ببوون وزۆرەی ناوچە كوردیەكان رایانكردبوو بۆ شاخەكان ودەوروبەری شارەكان ونەیاندەتوانی بەئاشكرا دەربكەون"(١٩٨٦/ص٢٢٥)، مێژوونووسی ناوبراو لەدرێژەی گوتەكانیدا دەلێت :" لەبارودۆخێكدابوون جێگای بەزەیی بوون لەزەلیلی و ناهەمواری"(١٩٨٦/ص٢٢٥). بەلام مارمیخائیلی سریانی دەلێت:" [كوردەكان] لەشاخەكانی نزیك قیلیقیە بلاوبوونەوە بەمەبەستی پاراستنی مندالەكانیان ومەرومالاتیان ولە چوارچێوەی سنوری ئەرمەنەكان دایانان ,بەلام توركمانەكان لەوێش هێرشیان كردە سەریان وبەزەبری شمشێر لەناویان بردن لەپیاووژن ومندال, مولك سامانەكانیان بەتالان بردن, بەمە رەگەزی كوردی لە سوریاو نێوان دوو رووبار لەنێو بردرا(١٩٩٦/ص٣٦٧). واتە بەگوێرەی ئەم دەقە دەردەكەوێ كە كوردێكی زۆر بەو هۆیەوە لەژێر فشاری سەربازی وترس دا كۆچیانكردووە بۆ ئەرمینیا.

لەهەمان كاتدا كورد بەژمارەی زۆر كۆچیان كردووە بۆ ناوچەكانی شام وتەنانەت میسریش بەتایبەتی دوای روخانی ژمارەیەك لە كیان ودەسەلاتداریەتی كوردی لەلایەن عماد الدین زنكی وەكو میرنشینی هەزبانی وقەلای ئاشب وچەند ناوچەیەكی تری كوردە حەمیدی وهەكاریەكان . ئەگەرچی بەر لەوسەردەمەش و لەسەرەتاكانی ئیسلامدا كورد لەولاتی شامدا بەگوێرەی سەرچاوەكان بوونی هەبووە ،(العمری/ ٢٠٠١/ج٣/ص١٦٩) بەتایبەتی لەبەشی باكوروباكوری رۆژهەلاتی،كەئەم ناوچانە هاوسنوری هەرێمی جەزیرەنە ,ودرێژكراوەی سروشتی ناوچە كوردیەكانن (زرار صدیق/١٩٩٩/ژ(٣)/ص٤٥٤), بەتایبەتی هەروەكو مسعودی (شام) ی بەشوێنی نیشتجێبوونی ژمارەیەك لەهۆزە كوردەكان داناوە ، لەمانە وەك:هۆزی دونبولی ،وچەندینی تر(٢٠٠٣/ج٢/ص١٣٥؛ مەهدی عوسمان هەروتی/٢٠٠٨/ل٢٣٦)، بەتایبەتیش لەناوچەكانی دەوروبەری حەلەب و(جبل السماق)، هەروەها (حصن الاكراد) كە قەلایەكی زۆر پتەوو قایم بوو دەكەوتە سەر چیای جەلیل بەرامبەر بەشی رۆژئاوای حەلەب ، كەبەر لەوەی ببێتە قەلا ئەم ناوچەیە هەندێ لەمیرەكانی شام تاوەرێكیان تێدا دروستكردو كۆمەلێك لەخەلكی كوردیان كۆچ پێكرد وتیایدا نیشتەجێیان كردن بۆ ئەوەی ببنە هێلی بەرەورووبوونەوە لەگەل خاچدروشمان ،وەهەمووپێداویستیەكیشیان بۆ دابین كردن بەلام دواتر خەلكەكە هەرچەندە قایمكاری زۆریان تێداكردو تاوای لێهات بووە قەلاو ژمارەیەكی زۆر لە هێرشی دوژمنانی بەرپەرچ دایەوە(ابن جبیر/١٩٦٤//ص٢٩٩؛ الظاهری/١٨٩٤/ص٤٨)، هەرچەندە بەپێی گوتەی یاقوت الحموی :لەكۆتاییدا كوردەكان قەلاكەیان فرۆشتووە وگەراونەتەوە كوردستان(٢٠١٠/ج٢/ص٢٦٤؛ زرار صدیق/٢٠١٠/ل٤٨) هەرلەو ماوەیەدا نزیكەی سەد مالەكورد لەچیای سماقی نزیك حەلەب كۆچیان كرد بۆ لورستانی گەورە(القزوینی/ص٥٣٩؛ زرارصدیق/٢٠١٠/ل٤٨) .

هەر لەبەر ئەوەیە كە یەكێك لەمێژوونووسانی سەردەمی نوێ پێیوایە: "ئەگەر دەقە مێژووییەكان بكرێنە بەلگە دەكرێ بێژین هەبوونی كورد لەولاتی شام وبەشداریكردنیان لەمێژووی ئەو ولاتە بەلای كەمەوە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی كۆچی/ دەیەمی زاینی ، بێگومان كۆچكردن وجێگیربوونی كورد لەدیمەشق وحەلەب وناوچەكانی باكور هۆكارو پالنەری جۆربەجۆری هەیە لەوانەش نەبوونی سنوورو بەربەست لەنێوان هەرێمەكانداو هۆكاری بازرگانی زانستی وفێرخوازی سەرەرای هۆكاری ئاینی واتە چوونی كوردان بۆكەنارەكانی شام وبەشداریكردنیان لەجیهاد دژی رۆمە بیزەنتیەكان " (زرار صدیق/٢٠١٠/ل٤٧). هەرناوبراو لەدرێژەی گوتەكانیدا دەلێت:" لەمیانەی هەندێ دەقی مێژووییەوە روون دەبێتەوە كە گەلێك دەستەو تاقمی كورد لەشوێنە جۆربەجۆرەكانی ولاتی شام جێگیر بوون بۆ دابینكردنی بژێوی خۆیان لەریزی سوپای میرو سەركردەو دەسەلاتداراندا خزمەتیان دەكرد یان وەك دەستەیەكی سەربەخۆ لە قەلایەك یان شارێك گیرساونەتەوە بەو پێیەی ئەودەمانە سەربازیی وچەكداری سەرچاوەیەكی بنەرەتی داهات بوو"(زرار صدیق/٢٠١٠/ل٤٧), هەروەكو ابن خلدون دەلێت:"رزق ورۆزیان خستبووە سەر رمەكانیان"(٢٠١١/ج١/ص٢٠٣؛ مەهدی عوسمان هەروتی/٢٠٠٨/ل٥٢).

لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی كۆچی/یازدەی زاینی ژمارەی كورد لەشام بەراددەیەك زیادی كردو لەناوچەگەلێك كۆبوونەوەو نیمچە دەسەلاتێكیان پێكەوەنا تا ئەوراددەیەی ناوچەكە بەناویانەوە بناسرێت وەك(شوف الاكراد) كەسەر بە بعلەبەگ بوو وزێدی باوك وباپیرانی شێخ عەدی كوری موسافری هەكاری(٤٦٥-٥٥٧ك/١٠٧٢-١١٦٢ز) بوو (ابن المستوفی/١٩٨٠/ق١/ص١١٦؛

زرارصديق/٢٠١٠/ل٤٧) ئەمەو چەندین نمونەی دیکە هەرلەبارەی بوونی کوردان لەولاتی شام وناسیاوی و شوێن دەستەکانیان(بروانە: زرار صديق/٢٠١٠/ل٤٧-٤٩).

سەرەرای ئەوە کورد گەیشتن بەولاتی میسریش, بەتایبەتی لەوکاتەی کەفاتیمیەکان دەستیان بەسەر بەشێك لەولاتی شام داگرت پیاوانی هۆزە کوردیەکان پەیوەندیان بەلەشکرەکەیانەوەکرد وتەنانەت لەنیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینیەوە وەك تیپێکی سەربازی سەربەخۆ لەسوپای فاتیمی خزمەتیان دەکرد ولەکەژاوەکاندا جێگەی تایبەت بەخۆیان هەبوو(ابن الطوير/٢٠١٠/ج٣٩/ص١٦٦؛ زرار صديق/٢٠١٠/ل٤٨) ,تەنانەت هەندێکیان بۆ پۆستی زۆر گرنگ وهەستیار وبەرچاویان لەم خیلافەتە وەرگرت یان دەکرێ بلێین بەدەستیان هێنا بەهۆی لێهاتوویی خۆیان لەگرنگترین کەسایەتیەکانیش:ابو الحجر احمد کوری الضحاك الكردى السليل (الروذراورى/١٩١٦/ج٣/ص٢٢٨؛ ابن القلانسى/١٩٠٨/ص٥١؛ الهذبانى/٢٠٠٤/ص١٨١؛ بۆ زیاتر زانیاری بروانە:مەهدی عوسمان هەروتی/٢٠٠٨/ص٢٤٢-٢٤٥), وە الملك العادل ابو الحسن سيف الدوله على کوری سالاری کوردی زەرزاری وەزیری خیلافەتی فاتیمی ٥٤٣-٥٤٨ك/١١٤٨-١١٥٣ز (المقريزى/١٩٩٦/ج٣/ص١١٣-١١٤, ١٦٩, ١٩٦؛ الهذبانى /٢٠٠٤/ص٢٣٦؛ بۆزیاتر زانیاری بروانە:مەهدی عوسمان هەروتی:٢٠٠٨/ل٢٤٦-٢٥٧), هەروەها میر المظفر سيف حسين بن ابى الهيجاء ی کوردی (المقريزى/د.ت/ج٢/ص٤٦؛ ١٩٩٦/ج٣/ ص٢٧, ٢١٦, ٢٣٨؛ بۆزیاتر لەبارەی ئەم کەسایەتیە بروانە:مەهدی عوسمان هەروتی/٢٠٠٨/ل٢٥٨-٢٦٤)، ئەمەو چەندین کەسایەتی کوردی دیکە کە رۆلی گرنگیان لەمێژووی سەردەمەکەیاندا بینیوەو سەرچاوە مێژووییەکان بەگرنگیەوە باسیان کردوون.

هەروەها بنەمالەی ئەیوبیەکانیش کە بنەمالەیەکی گەورەی کوردی بوون ودانیشتوی شارۆچکەی دوینی سەربەئەرمینیا بوون کاتێ کۆچ دەکەن بۆ شاری تکریت ئەوانیش وەك لەسەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە چەند هۆکارێکی فشاری سیاسی یان بەتورك کردنی ناوچەکەیان هۆکاری کۆمەلایەتی لێکدراوەتەوە, بەلام ئەوەی زیاتر قسەوباسی لەسەرە کەبەشێوەیەکی ئارەزومەندانە وبەهۆکاری هاورێیەتی نێوان شادی باپیرەگەورەی ئەیوبیەکان لەگەل مجاهدالدين بەهرۆزی (شحنكيه)ی پارێزگاری بەغدای سەر بەدەسەلاتی سەلجوقیەکان ئەم کۆچە ئەنجامدرابێت بەلام ئەوەی لای ئێمە گرینگە ئەوەیە کەبنەمالەیەکی کوردی گەورەی ژمارەزۆر لەسنوری ئەرمینیا کۆچ دەکەن وناوچەکە جێدەهێلن بۆ سنورێکی دیکەی دەرەوەی باشوری کوردستان کەتکریتە ،بەلام بۆجاری دووەم هەر ئەم بنمالەیە لەسالی ٥٣٢ك/١١٣٩ز بەکرداری کۆچکردن هەلدەستن بەلام ئەمجارەیان لەژێر فشاری سیاسیدا کەدوای زویر بوونی مجاهدالدین بەهرۆز بەچەند هۆکارێك داوایان لێدەکات قەلای تکریت چۆل بکەن وکۆچ بکەن. کەئەمجارە ئاراستەی کۆچەکەیان دەگوازنەوە بۆ شاری موسل بۆ لای عمادالدين زنگی ٥٢١-٥٤١ك خاوەنی ئەتابەکیەی زەنگی کەپێشووتر بەهۆی مێوانداری وتیمارکردنی لەیەکێك لەشەرەکان هاورێیەتیان لەگەلیدا دروستکردبوو, بەلام لەدوای ئەوە چ لەبەر بەرژەوەندی سیاسی بێ یان بەکاریگەری هاورێیەتیەکە یاخود بەهۆکاری ئاینی وجیهادی بەشداری لەپال سوپای عمادالدين ودواتریش نورالدینی کوری دەکەن ولەوێوە کۆچی سێیەم ئەمجامدەدەن بۆ شام وچەند پۆستێکی ئیداری وسەربازی وسیاسی وەردەگرن تاکو ئەنجامدانی هەلمەتەکانی سەر ولاتی میسرو سەرکەوتنی هەلمەتی سێیەم لەسالی ٥٦٤ك ودواتر بوونی صلاح الدين بەوەزیری خیلافەتی فاتیمی دیسان ئەیوبیەکان کۆچێکی تر ئەنجامدەدەن بەلام ئەمجارە بۆ ولاتی میسرو بەژمارەی زۆرلەو ولاتەش دەمێننەوە, دواتربەهۆی بنیادنانی دەولەتی ئەیوبی لەمیسرو شام وچەند ناوچەیەکی تر کەبەشێکی کوردستانیشی دەگرتەوە لێرەوە دەبنە پالنەرێکی گەورە لەکێشکردنی ژمارەیەکی زۆرتری کوردان بۆ ئەوەی کۆچ بۆ ولاتی شام ومیسر بکەن ئینجا چ لەسەر ئاستی هۆزایەتی وچوارچێوەی یارمەتی سوپادا بێت یان تاکەکەسی لەوبوارەشدا ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتی دەرکەوتن ورۆلی گرنگیان بینی (ابن شداد/٢٠٠١/ص١٢...؛ ابن خلكان/٢٠٠٩/ج٣/ص٤٨١-٥١٨؛ ابن خلدون/٢٠١١/ج٣/ص٢٠٨٢-٢١٢٥).بەتایبەتی نیشتەجێبوونی چەند هۆزێکی کوردی هەرلەوماوەیە لەباشوری تەرابلوس بۆ پاراستنی کەناراوەکانی دەرا لەهێرشکاری فرەنگەکان (لبنان مباحث علميه واجتماعيه/مج١/١٩٩٣/ص٤٢), وەنیشتەجێبوونی هەندێکی تریان لەچیای عامل هەرلەسەردەمی ئەیوبیەکان (السيد محسن الامين/١٩٨٣/ص١٣٤-١٣٥). وەهەروەها صلاح الدين خەلکێکی لەکوردەکان لە جبيل نیشتەجێکرد بۆپاراستنی لەفرەنگەکان (ياقوت/٢٠١٠/ج٢/ص١٠٩) ,وەهەر لەوماوەیەدا پاشایانی ئەیوبی ناوچەی (القصير) ی نزیك بەئەنتاکیا یان بەخشی بەسەرکردەی کوردی (مند-شاه)باپیرەگەورەی بنەمالەی جانبلاتی ,دوای ئەوەی ناوبراویش کۆمەلێك لەکوردەکانی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو کۆچیکرد بۆ شام ومیسر وەکوردە یەزیدیەکانی کە پێشووتر لەو ناوچە نیشتەجێبوون لەگەل کوردەکانی نیشتەجێی ناوچەی (جوم و كلس) لەدەوری کۆبوونەوەو ئەیوبیەکان بەمیری میران دایانمەزراند لەسەر هەموو کوردەکانی شام وحەلەب وکوردەکانی ئەوولاتەش هەمووی ملکەچی حکومەتە تاکرەویەکەی بوون البدليسى:د.ت/ج١/ص٢١٤).

جێگای باسە دەقە مێژووییەکان لەبارەی سەردەمی ئەیوبیەکان زانیاری زۆرو گرنگ دەدەنە دەست بۆ لێکۆلینەوە لەکورد ونیشتمانە نوێیەکەیان کەشام ومیسرە بەتایبەتی لەخستنەرووی ناوی هۆزە کوردیەکان ودابەشبوون ورۆلیان لەجەنگەکانی نێوان موسلمان وفرەنگەکان وێنەی ژیانی رۆژانەی خێزان وبنەمالە کوردیەکان لەشام , بەتایبەتی لەنێو ئەمانە میر اسامە کوری منقذ

١٠٩٥-١١٨٨ز لەکتێبەکەی بەناوی الاعتبار ئاماژە بەبلاوبوونەوەی کوردەکان دەکات لەولاتی شام لەرۆژگاری شەری خاچدروشمان , لەگەل دەربرینی سەرسورمانی خۆی بەئازایی کوردو پالەوانێتیەکانیان لەوجەنگانە, هەروەها عمادالدین الکاتب الاصفهانی ناوی ژمارەیەك لەهۆزی کوردی دەبات لەهەمان سەردەم کەلەشام بوونیان هەووە وەکو: حەمیدی وهەکاری وزەرزاری ومەهرانی ,سەرەرای رۆلی کەسایەتیە دیارەکانی هۆزو بنەمالەکانی شارەزووری وهەزبانی وقەیموری... کەوا کۆلەکەی سوپای ئەیوبیان پێکدەهێنا(د.م.ت/ص٣٢٨), لەگەل رۆلی گرنگ لەبنیادنانی چەندین بنکەی ئاینی وخێرخوازی وقوتابخانە کەتاکو ئێستاش زۆربەیان ماون ولەسەرچاوەکان ناویان دەبردرێت (بۆ زیاتر زانیاری لەوبارەیەوە بروانە:ابن شداد:١٩٧٨).

هەروەها دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کەژمارەی ئەو کوردانەش کەلەپێناوی جیهاد خۆبەخشانە سەنگەریان لەبیزەنتیەکان وگورج وخەزەر وروس و ئەرمەن ودواتریش فرەنگەکان گرتبوو لەسنورەکانی جەزیرەو ئازەربەیجان ئاران وئەرمینیاو شام ومیسر واتە بەشێوەیەکی گشتی سنورەکانی جیهانی ئیسلامی کەبەوپەری دلسۆزی وگیانبازیەوە دەجەنگان ,لەبەرئەوەی گەلی کوردیش وەك بەشێك لە نەتەوەکانی ژێرچەتری خیلافەتی ئیسلامی ئەو ئەرك وماف ,یان برگەو فەرمانانەی کە لەقورئان وفەرموودەکاندا هاتووە بەبەشێك لە ئەرکەکانی سەرشانی زانیوە , بۆیە ئەو جۆرە نمونانەمان لەمێژوودا زۆرە کەهۆزو بنەمالە وکەسایەتی لەپێناو بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەدا کۆچیان کردووە بۆ بەرەکانی جەنگ وجیهادکردن یەکێك لەوکەسە دیارانەش (شرف الدین محمد کوری عزالدین ابی القاسم)ی کوردە کەلەسالی ٦٠٣ك/١٢٠٦ز کاتێك شاری مەرەندی سەر بەئازەربەیجان توشی هێرشکاری گورجەکان دەبێتەوە ناوبراو لەاربیل-هەولێرەوە کۆچدەکات بۆبەرەکانی ئەم جەنگە وبەشداریدەکات تیایدا هەرلەوبارەیەوەش هۆزانێکی هەیە ودەلێت:

"ان یـکـن اخـرجـوا الـنـسـاء مـن الاو طـان ظلما واسرفـوا فی التعدی

فلنـــا اســـوه بمـــن جارتــــ الکـــر ج علیــهم واخــرجوا مــن مــرند" (ابن خلکان/٢٠٠٩/ج١/ص٣٠٧)،

یان فەقێ عیسای لەل-لال لەگوندی منارەی دەشتی هەولێرەوە- کە دواتر بەگوندی عیسا لالان ناسرا وپیر حەسەنی ئیزلی لە شنۆوە بەهیوای پشکداری لە جیهاد کۆچیانکردو بەپەرۆشەوە خۆیان گەیاندە شەری پیرۆز ,یەکەمیان لەشەری حارم لەسالی ٥٥٨ك/١١٦٣ز شەهید بوو, دوەمیشیان لەقودس بە دیلگیراو لەزینداندا بێباکانە خۆبەخۆ بانگیدەدا ونوێژی دەکرد فرەنگەکانیش لەداخاندا زەیتی بەرازیان دەتکاندە سەر جەستەی ونەیانتوانی دەستبەرداری بانگی بکەن، ناچاربەریاندا وگەرایەوە هەولێر(ابن المستوفی/١٩٨٠/ق١/ص٢٢٣-٢٧٣؛ زرار صدیق/٢٠١٠/ل٤٩).

هەروەکو چۆن شتێکی بەلگە نەویستە ئەوجەنگ وئاشوب وکێشەیەی ولاتێك دەیبینێت رۆلێکی گەورەی هەیە لە کەمبوونەوەی دانیشتوانەکەی ،ئینجا لەئەنجامی کوژران بێ یان کۆچی زۆرەملێ وبەناچاری ، بەهەمان شێوە هۆکاری سروشتیش ئەگەر کاریگەریەکانی زیاتر نەبن ئەوا کەمتریش نین بەتایبەتی لەکاتێکدا ولات بەرەورووی برسیەتی وگرانی وقات وقری ولافاوو پەتاو نەخۆشی بەربلاو دەبێتەوە ئەو هۆکارانەش دیسان دەبنە هۆی مردن وئاوارەبوون وناچاربە کۆچکردن وپەرتەوازەکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان هەروەکو ئەو لافاوەی لەسالی ٥٦٩ك/١١٧٣ز لەناوچە کوردیەکانی وەکو موسل ودیاربەکر-ئامەد، وجەزیرە، روویدا بووە هۆی ئەوەی خەلکێکی زۆر خانوەکانیان توشی دارمان بێت وبەوهۆیەوەش سەرەرای ئەوەی ژمارەیەکیان مردن ئەوانی دیکەش لەترسان کۆچیان کرد وچوونە دەرەوەی شارەکان ( ابن الاثیر/٢٠٠٩/ج١١/ص١٩٨؛ ابن کثیر/٢٠٠٨/ج٨/ص٣٩٧), کە ئەمە دەکرێت بوترێت کە کۆچێکی نێوخۆیی بووە واتە لەنێو خۆدا ئەنجامدراوە.

گەلێکجار کەقات وقری وگرانی و وشکەسالیش روویەدا لەیەکێك لە وولاتەکان ودەبووە دیاردەیەکی گشتگیرو بلاو لەزۆربەی ناوچەکانی دەوربەریشی ، ئەوا گواستنەوەیان هەولدان بۆ گواستنەوەی کەلو پەلی خۆراك لەناوچەیەك بۆ یەکێکی تر سودی نابێ بۆ سوك کردنی بارگرانی تەنگژەو نەهامەتی سەر دانیشتوانەکە ، بەمەش بارودۆخیان خراپتر دەبوو بەرادەیەك کە هەولی کۆچکردن بدەن لە ولاتەکەیانەوە بۆ ناوچەی زۆر دوورتری دەرەوەی بازنەی تەنگژە ونەهامەتیەکە ،هەروەکو لەو برسیەتیەی کەلەسالی ٧١٨ك/١٣١٨ز هاتە ئاراوەو هەموو ناوچە کوردیەکانی گرتەوەو بەشێکی زۆر لەخەلکی ناچارکرد بیر لە کۆچکردن بکەنەوە بەبێ ئەوەی دلنیاشبن لە ئەنجامەکەی بۆیە یەکێك لەو بەلگانەی کەلەبەر دەستدان لەو بارەیەوە ئەو کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆرە لەخەلکی شاری هەولێر لەوسالەدا بەدوو گروپ ولەکاتی جیادا کەلە قۆناغ وگروپی یەکەمدا ژمارەیان بە گوێرەی سەرچاوەکان چوارسەد خێزان بووەو بەرەو ئاراستەی شاری مەراغە کۆچیان کردووە بەلام لەرێگادا بەفریان بەسەردا باریوەو هەموویان مردوون (بۆزیاتر زانیاری بروانە:البرزالی/٢٠٠٦/ج٢-ق٢/ص٣٠٣؛ ابن الوردی /١٩٩٦/ج٢/ص٢٥٨), بەلام لەقۆناغی دووەم وگروپی دووەمدا کە ژمارەیەکی زیاتر لەهی یەکەم لەشارو گوندەکان وجوتیاران لەشێوەی گروپێك لەگەل

کۆمەڵێك لەسەربازانی مەغۆلی کۆچیانکرد بەرەو ئاراستەی عەقەبە کاتێ گەیشتن بەنزیکی ناوچەی ناوبراو مەغۆلەکان لەخوارەوەی ناوچەکە جێیانهێشتن ونەیانهێشت لەگەڵیان سەربکەون بۆیە لەبەر کەمی خۆراك بەکۆمەڵ وزۆربەیان مردن (البرزالی/٢٠٠٦/ج٢-ق٢/ص٣٠٤). سەرباری کۆچی ئەوژمارە زۆرەی خەڵك ولەناوچوونیان یان ئەوانەی لەنێو شارە کوردیەکان لەبرساندا دەمردن , ژمارەیەکی زۆریش دەفرۆشران کەئەمەش دەکرێت بەجۆرێك لەکۆچ هەژماربکرێت چونکە بەژمارەی زۆر دەفرۆشرانە دەسەلاتدارانی بێگانەو دەبردران بۆ دەرەوەی ناوچە کوردیەکان ئەوەتا تەنها لە شاری جەزیرەی بۆتان –جەزیرەی ئیبنوعومەر سێ هەزار منداڵیان فرۆشتووەتە تەتەرەکان لەنێوان نرخی ١٠-بۆ-٥٠درهەم بۆهەر منداڵێك (ابن حبیب/١٩٧٦/ج٢/ص٨٩؛ البرزالی /٢٠٠٦/ج٢-ق٢/ص٣٠٣؛ الذهبی/٢٠٠٤/ص١٦٠). هەروەها لەکێك لەنمونەکانی دیکەی کۆچی کوردان بەهۆی گرانی ولافاو –سێلاوە وە روویدا کۆچی بنەماڵەی (ابو محمد ئەمیری کوری بەختیار)ە لەمرکور-مەرگەوەڕەوە [کەناوچەیەك بوو لەنێوان ئورمیە وشنۆ لەکوردستانی ڕۆژهەلات] بۆ شنۆ بەهۆی گرانی لەوێشەوە بۆ موسل وهەولێر بەهۆی لافاو –سیلاوێکی گەورە کەلەسالی ٥٥١ك لەشاری شنۆ روویداوە (ابن المستوفی/١٩٨٠/ق١/ص٥١-٥٢).

هەرچی نەخۆشی وپەتای بەربلاویشە بەتایبەتی تاعون ئەوا لەلایەن خۆیەوە کاریگەری تەواوی بەسەر ئەم بوارەدا هەبووە بەلام لەهەموویان کاریگەرترو ئەوەی زانیاریەکانی بەشێکی تایبەت بەناوچە کوردیەکانی بەئێمە گەیشتووە ئەوەتا لەو پەتا تاعونە جیهانیەی کە بەمردنی رەش ناسراوەلەئەوروپا(جوزیف بیرن/ ٢٠١٤/ص٦١...) ، وەلەجیهانی ئیسلامیشدا بە (ئەنساب)ناوبراوە لەبەر ئەوەی ئەگەر یەکێك لەئەندامانی خێزانێك توشی بووایە هەموو بنەماڵەکە دەمردن بەهۆیەوە(ابن حبیب/١٩٧٦/ج٣/ص١١١؛ القلقشندی/٢٠٠٦/ص٢٣٠) لەسالی ٧٤٩ك/١٣٤٨ز دەستی پێکرد وەزۆربەی هەرەزۆری جیهانی گرتەوە وەك (السخاوی) دەڵێت :" هاوشێوەی نەبووە لەماوەی رابردوودا، رۆژهەلات ورۆژئاوای زەوی گرتبۆوە...نزیکەی نیوەی گیانلەبەرانی زەوی لە[نێوبرد]ومردن"(١٩٩/ج١/ص٩٧؛ السیوطی/ مخطوطە/وەرەقە(١٥أ)). لەهەمان کاتدا ناوچە کوردیەکانیشی گرتەوە بەلام ئەو شارانەی کەلەسەرچاوەکان ناویان براوە تەنها جەزیرەو ماردین وناوچە شاخاویەکانی دەوربەری(المقریزی/١٩٩٧/ج٤/ص٨٢) لەگەل هەموو دیاربەکر-ئامەد(ابن تغری بردی الاتابکی/د.ت/ج١٠/ص١٩٧), بەلام ئەوەی جێی تێرامانە ئەوەیە کەسەرچاوە مێژووییەکان بەهەمان شێوەی زانیاریە مێژووییەکانی تر زۆر بەکەمی ناوی ئەوناوچانەیان لەکوردستان بردووە کەتووشی پەتای ناوبراو بووە تەنها ئەوناوچانە نەبێ کە لەسەرەوە ناومان بردن بەهەمان شێوە سەرەرای باسکردنی زەرەروزیانێکی زۆر ئەم پەتایە لە ناوچەکانی زۆربەی جیهان بەلام لەبارەی زیانی ناوچە کوردنشینەکان تەنها ئەودەقە لەسەرچاوەکانی وەکو المقریزی،و ابن تغری بردی دەست دەکەوێت کە دەڵێن :"کوردەکان لەترسی مردن رۆیشتن [کۆچیان کرد], بەلام هیچ زەویەکیان نەبینیەوە کە مردنی تیانەبێ ، بۆیە گەرانەوە بۆ ولاتەکەیان ،وهەموویان مردن"(١٩٩٧/ج٤/ص٨١؛ د.ت/ج١٠/ص١٩٦). واتە ئەوەی جێگەی باسە ئەوەیە کەپەتای تاعونیش ئەگەرچی وەکو نەخۆشیەکی گوازراوە لەوسەردەمەدا نەدۆزرابۆوە بەلام دەبینرێت کە بۆتە هۆکارێك بۆ کۆچی کوردان بۆ ناوچەی دوور لە ولاتی خۆیان لەبەر ئەوەی هەروەکو لەدەقەکە دەردەکەوێ دەڵێ هیچ زەویەکیان نەبینیەوە کە مردنی تیانەبێ واتە زۆرودوور کۆچیان کردووەو گەراون، بەلام بەبێ ئەوەی سەرچاوەکان رێژەو شوێنی بنچینەیی ئەو کوردانەمان پێبلێن کەچەندن ولەکوێوە بۆ کوێ کۆچیانکردووە ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێ ئەوەیە کە ئەگەرچی مێژوونووسانی ناوبراوان خۆپاراستن وجیاکردنەوەی ئەوکۆمەلە کوردە بەراکردوو لەمردن لەقەلەم دەدەن ،بەلام کەچی دەکرێت ئەو رووداوە بەوەڵێکبدرێتەوە کە ئەوە دەسەلمێنێت لەکوردستاندا لەرێگای کۆچکردن هەولی خۆپارێزی لەم بەلایە ئەنجامدراوە.

**تەوەرەی سێیەم:دەرئەنجامەکانی کۆچ:-**

گومانی تێدا نیە هەموو ئەو رووداوە مێژووییانەی لەگەل هۆکارەکان خرانە روو کۆمەلێك بەرئەنجامی لێکەوتۆتەوە لەسەر کۆمەلگەی کوردی ولەبوارە جیاوازەکانی ئابوری وکۆمەلایەتی وسیاسی ویان دابەشبوونی دانیشتوان ویاخودهەلکشان وداکشان لەسنوری نیشتەجێبوونی کوردان ،واتە گۆرانکاریەکانی کوردان لە سنوری کوردستانی گەورە ،ئەم رووداوانەی کۆچی کوردان هەروەکو ئاماژەی بۆ کرا لەسەرەتای هەلمەتی فتوحاتەکانی ئیسلامیەوە تاوەکو مەودای چەند سەدەیەك یاخود دەکرێ بلێین

بەدوای یەکداهاتنی هەلمەتە جیاوازەکان بۆ سەر ناوچەو هەرێمە کوردنشینەکان لە لەشکرکێشی بوەیهی وغوزەکان دواتریش سەلجوقی وەبەدوای ئەوانیش خوارزمی ومەغۆلەکان ئەوەی کە تایبەتە بەهۆکارە مرۆییەکان ئەمانە هەریەکەبەجیا دەرئەنجامی گەورەو تایبەتی بەخۆی لێکەوتەوە لەوبوارانەی ئاماژەی بۆکرا هەرچەندە سەرەتا ئەو هەلمەتە گەورانەی کەجێگای باسی ئێمەیە فتوحاتی ئیسلامیە ئەگەرچی ماوەیەکی خایاند بۆ سەرناوچە کوردنشینەکان وەلەبری ئەوەی ئەم هێزە سنوری دانیشتوانی کوردان بەرتەسك بکاتەوە دەبینین بە پێچەوانەوە لەدوای هاتنە ناوەوەی کوردان بۆ نێو بازنەی دەسەلاتی ئیسلامی وەبوونیان بە سەربازی سوپای ئیسلامی بەشداربوونیان لە هەلمەتی فتوحات دەبینین چەندین هۆزی کوردیمان پەل دەهاوێن بۆ زۆر لە ناوچەکانی دەرەوەی ناوچەی کوردنشینی لەرۆژهەلات وباکورو باشوری رۆژهەلات بەتایبەتی لە ناوچەکانی ئەرمینیاو ئاران وفارس وکرمان وئەهواز وخۆراسان وئەبهەرو چەندین ناوچەی تر ،یاخود دەکرێ بلێین بەشێکیان هەر بە هۆکاری گەران بەدوای لەوەرو کوێستان وگەرمیان کردن لەسەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی سنوری نشینگەی کوردی لەهەلکشانێکی زۆر دابوو بەرەوئەو بەرەیەی کەناومان برد ،بەلام لەئەنجامی هەلمەتەکانی سەردەمانی دواتر بەو شێوەیە نەبوو بەلکو بە پێچەوانەوە بوو ،بەتایبەتیش لەبەرئەوەیە دەتوانین ئەوە بلێین کەفتوحاتی ئیسلامی بوو بە دەرئەنجامی فراوانبوونی ناوچە کوردنشینەکان یەکەمیان لەبەر ئەوەی عەرەبەکان هاتنە ناوچە کوردیەکان ئەوکاتە پێویستیان بەسەربازی زۆر هەبوو بۆ ئەنجامدانی کرداری فتوحات ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی ئەوکوردانەی باوەریان بە ئاینەکە هێنابوو ببن بە سەربازی سوپای ئیسلامی وپەلبهاوێن بۆ ناوچەکانی دەرەوە. دووەمیان لەبەرئەوەی رێژەی زۆرینەی ناوچە کوردیەکان لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوری خەتاب١٣-٢٣ك/ ٦٣٤-٦٤٤ز دەستیان بەسەرداگیرا کەئەویش بەجیا لەسەردەمی خەلیفەکانی تر بەپێی ئەو یاسایەی دەری کردبوو نەدەبوو سەرباز ببێتە خاوەنی مولك وزەوی ،ونابێ بەتەواوی تێکەل بەناوچە ئازادکراوەکان بێت داواش لە جوتیارو دانیشتوانە خاوەن زەویەکان کرا خۆیان زەویەکانیان بکێلن وخۆراك بهێننە بەرهەم وەلەبەرامبەریشدا خەراج بدەنە دەولەت (بۆزانیار زیاتر بروانە: البلاذری/٢٠٠٨/ص٣٤٣،٣٩٦)، تەنها ئەو زەویانە درا بە هۆزە عەرەبەکان کەمولکی گشتی ودەولەت یان کاربەدەستانی پێشووتری ساسانی بوون.

هەموو ئەویاسایانەو چەندینی تریش بۆ ئەوە بوو سەرباز نیشتەجێ نەبێ لەولاتی غەیری عەرەبی وگیانی سەربازی لەدەست نەدات بۆیە ئەمە بۆ کوردەکان بەسود گەرایەوە کەتوشی ئاوارەیی ودەربەدەری وداکشانی سنوری نەبوون ،نمونە هەروەکو ئەو ناوچانەی کەسەرەتای فتوحاتی لێهاتە ژوورەوە بۆ کوردستان لەشارەکانی نەهاوەند وحلوان وچەند ناوچەیەکی تر ئێستاش ناوچەی کورد نشینن ولەسەردەمی دوای فتوحاتیش کوردیان زۆر زیاتر لێبوو وکوردستانی بوون بەتایبەتی هەروەکو مێژوونووسی ئیسلامی المسعودی کەلەنیوەی یەکەمی سەدەی چواری کۆچی/دەی زاینیدا ژیاوە ئاماژە بەوە دەکات کەزۆرینەی دانیشتوانی شاری حلوان کوردن(بروانە:١٩٩٣/ج٢/ ص٩٤-٩٥؛ هەمزە کاکە یاسین/٢٠١٣/ص١٢٤)، سودێکی تر ئەوە بوو هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد دوای بوونی کورد بەبەشێك لە دەسەلات وسوپای ئیسلامی چەندین هۆزو بنەمالە بەهۆی بەشداریان لە شەری جیهادی بۆ پارێزگاریکردنی سنوری ئیسلامی فراوانخوازیان کرد بۆ ناوچەی دەرەوەی کوردی . بەلام ئەم بارودۆخە لەهەلمەتەکانی تردا بەپێچەوانە دەبینرێت بەتایبەتی لەئەنجامی هەلمەتەکانی بوەیهی وغوزو سەلجوقیەکان ومەغۆلەکان کەلەبەرەکانی رۆژهەلات وباکورو باشوری ناوچە کوردنشینەکان هەلمەت دێننە سەر کوردستان ئەمانە بەهۆی وکوشتار وترس وتۆقاندنەوە وە لەپێناو گەیشتن بە بنکەی دەسەلات وسیمبولی ئیسلامی لەبەغدا یان دیمەشق وقاهیرە وەك دیاریشە کوردستان کەوتۆتە ناوەراست وسەرە رێگای ئەو هێرشکاریانە بۆیە لەئەنجامی ئەمانەدا کوردێکی زۆر لەبەر دەمیان کۆچ دەکات وناوچەکانی جێدەهێلێ دوای بەرگری پچرپچر ئەمەش داکشانێکی گەورە لەسنوری دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان دروست دەکات وزیاتر بەرەو ناوچەکانی رۆژئاواو باکوری رۆژئاوا واتە ئەوناوچانەی کەکوردنشین بوون لەسەدەکانی ناوەراست کوردیان تێدا دانیشتووە بەژمارەی زۆر ، وەکو:هەرێمی خۆراسان وفارس وئەسفەهان،وئەهواز وئازەربەیجان وئاران وئەرمینیا ...، بەتایبەتی لەشارەکانی وەکو گەنجەو ئانی وبەرگری وکرمان وئەهواز وئەبهەر چەند هەرێم وشارێکی تر لەسەردەمی ئێستادا ئەگەر تەماشا بکرێت ئەوا تەواو لەکورد دامالراون و تەنها ژمارەیەکی کەم نەبێ ئەویش زۆر بە ئەستەم خۆی بەکورد دادەنێت . بەلام لەچەند ناوچەیەکی تر کەلەپێشوودا نشینگەی کوردی نەبوون بەرێژەی زۆر کوردیان بۆ چوو وە تیایدا نیشتەجێبوو بەتایبەتی بەرەو شام وئاسیای بچووك وبەشی رۆژئاوای ئەو هەرێمە ، چونکە بەروونی دیارە کەلەدوای ئەم هەلمەتە درندانەییانە و یەك بەدوایەکانەداکورد بەرێژەی زۆرتر لە بەرەیە کە بەرەی رۆژئاواو باکوری رۆژئاوای کوردستانە دەبینرێت کەلە پێشووتردا بوونی نیە بەتایبەتی لەناوچەکانی مەلاتیە ونوسەیبین وبەعلەبەگ وحەلەب لەشام ، بەبەلگەی ئەوەی کەبەگوێرەی سەرچاوەکان وەك دەردەکەوێ کورد لەماوەیەکی درەنگتر چۆتە ئەو ناوچانە هەروەکو باسکرا (بروانە :لاپەرە:10-11 ی توێژینەوە) یان بەبەلگەی ئەوەی یەکێك لەسەرچاوە سریانیەکان بەناوی تاریخ الصغیر کەنووسەرەکەی نادیارە بەلام هاوسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی وبەر لەو ماوەیەش لەو ناوچانە بەتایبەتی نوسەیبین ژیاوە ، سەرەرای ئەوەی ئاماژە بەناوی زۆر لەرەگەزو نەتەوەکان دەکات بەلام هیچ ئاماژەیەك بەناوی کورد ناکات لەرووداوەکاندا (بروانە :المجهول/٢٠١٠)، بەتایبەتیش

لەئەنجامی دارمانی دەسەلاتی ناوەندی بەشێوەیەکی لەسەرخۆو بەهۆکارەکانی کۆمەلایەتی وئابوری وسەربازی وسیاسی جۆراوجۆر، بازنەی جولەکردنی هۆزە کوردیەکان لە ناوەراستی سەدەی سێی کۆچی/نۆی زاینیەوە ،بەلام کۆچ ولێشاوی تورکە غوزەکان کەلەئاسیای ناوەراستی دوورەوە لەگرێی سێیەمی سەدەی پێنجی کۆچی/یازدەی زاینی بەرەو رۆژهەلاتی نزیك وناوەراست دەستی پێکرد بناغەیەکی پتەوی لەبۆ فتوحاتی سەلجوقیەکان ونیشتەجێبوونی رەگەزی تورکی لەناوچەکە دروستکرد، وەدەرکەوتنی سەلجوقیەکان لە رۆژهەلاتی نزیك ودوور پەیوەندیەکی نوێی سەربازی وسیاسی داهێناو گرنگیەکی چارەنووسسازی لەژیانی گەلان بەتایبەتیش کورد هەیە ، وەبەهۆی شێوازی ژیانیان کەکۆچەری بوو وە سروشتیان کەدرندەیی بوو بۆیە نەخشەی سیاسی ورەگەزی ونەتەوەیی ناوچەکەیان لەبنچینەوە گۆری.

زالبوونی دەسەلاتی سەلجوقی هەنگاوێکی نوێی بە کۆچی هۆزە کوردیەکان بەخشی وهەر لەسەردەمەکەیان ئەوبارودۆخە جیاوازە هاتە ئاراوە جموجۆلی نەتەوە جیاوازەکانی زیاتر کرد. بۆیە کاریگەری دەسەلاتداریەتی سەلجوقیەکان زۆر زیاتر بوو لە فەرمانرەوایەتی عەرەبی ئیسلامی لەبەرئەوەی میرنشینە کوردیەکان لەنێوبران ، وکۆچی کوردانیش بەگشتی بەرەو سوریاو میسر بەردەوام بوو لەنێوان هەردوو سەدەی ٥-٦ك/١١-١٢ز وەبۆ باکوری ئەفریقیاو ناوچەی تر لەنێوان سەدەی ٧-٨ك/١٣-١٤ز دا(أرشاك پولاديان/٢٠١٣/ص٢٧٧-٢٧٨)، واتە بەشێوەکی گشتی لەدەرئەنجامە کۆمەلایەتی ورەگەزیەکانی دەکرێت بوترێ:خۆی لەوەوە دەبینیەوە کە لەئەنجامی کۆچی کوردەکان وچۆلکردنی ناوچەو گوندو دێهاتەکانیان گەلێکجار رەگەزی دیکەی ناکوردی وەکو عەرەب وتورك ودەیلەم ئەرمەن...(بۆزیاتر زانیاری بروانە: رەسول ئیبراهیم رەسول/ ٢٠١٣/ل١٣٥-١٤٣)شوێنیانی پر دەکردەوەو ژمارەی رەگەزو نەتەوەی بێگانە لەناوچە کوردنشینەکان زیادی دەکرد بەتایبەتی لەئەنجامی هێرشی غوز و سەلجوقیە تورکەکان وەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا زۆرترین دەرئەنجامی پاکتاوی رەگەزی وگۆرانکاری نەتەوەیی وکۆمەلایەتی لێکەوتەوە بەنمونە هەروەکو یەکێك لەمێژوونووسان لەبارەی هەرێمی ئازەربەیجان بەر لەهێرشی غوزەکان دەلێت :ئازەربەیجان وولاتی هەزبانیەکانە(المسعودی/٢٠١٠/ج٢/ص٢٠) بەلام لەدوای هەلمەتەکانی غوز وسەلجوقی بۆ سەر هەرێمەکە یەکێك لەتوێژەران دەلێت:" ناوچەکانی رۆژهەلات وباشوری رۆژهەلاتی ئەو هەرێمە ، زۆرینەی دانیشتوانەکەی بوون بە تورك"(نیشتمان بشیر محمد/٢٠٠٦/ل١٥)، هەربۆیە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەی زاینی بەزالبوونی رەگەزی تورکمان بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا دەناسرێتەوە، کەلەچوارچێوەی دەسەلاتی سیاسی لەشێوەی ئەتابەکیەکانی وەکو :(زەنگی, اربیل-هەولێر، قەفجاقی،وئامەد، وحصن کیفا، ئەرتەقیەکان)دا خۆیان نواندووە(بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە بۆ : عمادالدین خلیل/١٩٨٠؛ رەسول ئیبراهیم رەسول/٢٠١٣/ل١٣٥-١٤٣)، وەبەهۆی زۆربوونی رێژەشیان لەهەرێمەکانی ئازەربەیجان وئاران وناوچە کوردنشینەکانی تر تەواو سیمایەکی تورکیان وەرگرت ودەسەلاتی سیاسی ناوچەکەشیان خستە ژێر دەسەلاتی خۆیان رەنگە سەرهەلدانی ئەتابەکیەی (الایلدگزی) ٥٣١-٦٢٢ك/١١٣٦-١٢٢٥ز نمونەیەکی دیاربێت لەم بارەیەوە ،ئەمەش دیارنەمانی رۆلی سیاسی کورد لەهەرێمەکەدا دەردەخات ، هەروەها هێرش وپەلامارەکانی مەغۆلیش پەیدابوونی دەیان هۆزو بنەمالەی تری تورکمانی لێکەوتەوە وخزینە شارو ناوچە کوردنشینەکان(رەسول ئیبراهیم رەسول/٢٠١٣/ل١٤٢-١٤٣).

هەر بەهۆی کۆچەوە دیسان کاریگەری تەواو لەسەر رێژەو دابەشبوونی دانیشتووانی شارە کوردیەکان دروست دەبوو بەلام ئەم جارە لەئەنجامی برسیەتیدا لە سالی ٧١٨ك/١٣١٩ز ئەگەرچی خەلکێکی زۆر لەبرسان مردن بەژمارەیەکی زۆریش وەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا کۆچیان کردو رێژەیەکی زۆریش ئەندامانی خێزانەکانیان دەفرۆشت بەمەغۆلەکان کەئەمەش بەشێکە لەکۆچپێکردنی خەلکی شارە کوردیەکان چونکە مەغۆلەکان دوای کرینەوەیان دەیانبردن ئەوەتا دوای ئەم بەسەرهاتانە ئاماژە بەوە دەکرێ کەشاری هەولێر لەپازدە هەزار خێزان تەنها پێنج سەد خێزانیان ماوەتەوە، بەگوتەی نویری لەشاری میافارقین وماردین زۆربەی خەلکەکەی نەماون(د.ت/مج٣٢-ج٣٢/ص٢٢٥؛ الذهبي/١٩٩٧/ص١٦٠)، یان لەبارەی شاری حلوان لەسەدەی حەوت ودوای هێرشی مەغۆلی القزوینی دەلێت:" شاری حلوان ئاوەدان وخۆشبوو بەلام ئێستا دارماوەیە"(٢٠١١/ص٣٥٧)، ئەمەو چەندین دەق وبەلگەی مێژوویی دیکە کەلەسەرچاوەکان دەبینرێن ئەم دەئەنجامانە زیاتریش روون دەکەنەوە.

هەروەها نابێ ئەو دەرئەنجامەش لەبیربکرێت کەلەسەر بواری زانستی دەکەوتەوە بەتایبەتی ئەو کۆچانەی کەلەپێناو وەرگرتن وبلاوکردنەوەی زانست وزانیاری لەقوتابخانەو کۆری زانایانی دیارو بیمارستان وشارە گەورەکانی کەبنکەی زانستی بوون ئەنجامدەدرا بەتایبەتی شاری اربیل-هەولێر،وناوچەی کفرعزەی سەربەو شارە ،یان ئامەد، وبەغدا،وبەسرەوقورتوبە ودیمەشق وقاهیرەو قەیرەوان ... بەنمونە هەروەکو کۆچی ابن ابی الهیجاء ی هەزبانی والعز الضریر بۆ قاهیرەو دیمەشق (بروانە:مەهدی عوسمان هەروتی/٢٠١٥/ژ(٣٤))، ئەمەو چەندەها زاناو ئەدیب وشاعیرو پزیشك وکەسانی خاوەن بەهرەی جۆربەجۆر هەربەو مەبەستە وای کردبوو کەچەندین شار وەکو بنکەی زانستی دیاری ئەو سەردەمە دەربکەون بەتایبەتیش گومانی تێدانیە بەهۆکاری گرنگیدانی (سولتان مظفر الدین کوکبوری586-630ك/1188-1232ز فەرمانرەوای هەولێر بەبواری

زانستی وزانایان وایكرد كه زانایان بەژمارەی زۆر لەناوچەی جیاوازەوە سەردانی هەولێر بكەن ،هەرئەوەش كەلەرێگەی كۆچكردنەوە پێی هەلدەستان دەرئەنجامی گەشانەوەی شاری هەولێری لەبواری زانستی لێدەكەوتەوە (بروانە:ابن المستوفی/١٩٨٠/ق١؛ ابن الشعار/٢٠٠٥)،بەهەرهۆكارێكی دیكەی جۆربەجۆر كەلەتەوەرەی پێشوودا خرایە روو لەمانە كۆچی بنەمالەی ابو محمد میری كوری بەختیاری كوری خل كوری محمد كوری عبدالله لەناوچەی مەرگەوەرەوە بۆ شاری شنۆ بەهۆی گرانی بۆ موسل ولەوێش بەهۆی لافاو بۆ هەولێر كەبنەمالەیەكی زانست خواز وزانا بوون وهەر لەوشارە گیرسانەوەو رۆلی خۆیان بینی لەو بوارەدا (ابن المستوفی/١٩٨٠/ق١/٥١-٥٢).

هەرسەبارەت بە دەرئەنجامی زانستی كەلەئەنجامی كۆچ دەكەوتەوە كاریگەرترینیان ئەوەیان بوو كە بەهۆی لەشكركێشی دەكەوتەوە بەتایبەتیش لەئەنجامی هێرشی مەغۆلی بۆ سەر سنوری رۆژهەلاتی جیهانی ئیسلامی وسیاسەتە خوێن رێژی وتۆقینەرەكانیان چەندین زاناو بنەمالەی ناوداریان ناچاركرد زێدی خۆیان جێبهێلن وكۆچ بكە بەتایبەتی لەناوچە كوردیەكان كە جێگای باسی توێژینەوەكەیە، لەمانەش لەشارە دیارەكانی وەكو: ئامەد ومیافارقین وشنۆ ونوسەیبین وهەولێرو موسل چەندین ناوچەی تر بەرەو ولاتی شام ومیسر (بروانە:لاپەرە:8-9 ی توێژینەوە) كەئەمەش لەدوا رۆژدا دەرئەنجامی ئەوەی لێكەوتەوە كەلەبری هەولێرو ئامەد وناوچەكانی دیكەی رۆژهەلات، بەرەی رۆژئاوا بەتایبەتی قاهیرەو ولاتی میسر ببێتە بنكەی زانستی دیاری جیهانی ئیسلامی بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە لە كۆتاییدا بووە قەلغان وسوپەری پارێزەری موسلمانان لەدەست لێشاوی بێشوماری مەغۆلی.

دەرئەنجامە ئابوریەكانی كۆچی كوردانیش لەوكاتەدا دەردەكەوت كاتێك بەژمارەیەكی زۆر لە جوتیاران گوندو دێهات وشارەكانیان جێدەهێلن وكۆچ دەكەن بەهەر یەكێك لەو هۆكارانەی كە باسكران ئەوا دەبێتە هۆی كەمبوونەوە دەستی كاری كشتوكال وئاژەلداری یان كاتێ كۆچیان دەكرد مەروومالاتەكانیان لەگەل خۆیان كۆچ پێدەكرد بەمەش دەرئەنجامی خراپی ئابوری بەسەر ناوچە كوردیەكاندا دەهات ،ودەبووە هۆی كەمی بەرهەم وگرانی نرخ وقات وقری ،بەنمونە وەك گوندەكانی دەوروبەری سنجار-شەنگال كەبەهۆی كوشتاری مەغۆلەوە زۆربەی جوتیاران زەوی وزاری خۆیان جێهێشت وكۆچیانكرد بۆشاری شەنگال وشارەكانی تر (موسی مصطفی الهسنیانی/٢٠٠٥/ص١٣٠)، یان بەهۆی ئەو شەرو ململانێییەی لە سالی ٥٨١ك/١١٨٥ز لەنێوان كورد وتوكمانەكان روویدا زۆر لەدێهاتیەكانی كوردستان كۆچیانكردو كێلگەكان وێران بوون (ابوشامە/٢٠٠٢/ج٣/ص١٧٤؛ ابن العبری/٢٩٩٥/ص٢٠٦)، یاخود هەروەكو ئەوەی جوتیارو كەمدەرامەتەكانی شاری هەولێر لەئەنجامی گرانی وقات وقری سالی ٧١٨ك/١٣١٩ز ئەنجامیاندا بەپێی سەرچاوەكان زیاتر لە هەشت سەد خێزان دەبوون كۆچیانكرد بۆناوچە جیاوازەكان(بروانە:النویری/د.ت/مج٣٢-ج٣٢/ص٢٢٥؛ البرزالی /٢٠٠٦/ج٢-ق٢/ص٣٠٤).

یەكێكی تر لە دەرئەنجامەكانی كۆچ زۆرجار دەبووە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی وپەتای بەربلاو لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر بەبێ ئەوەی خەلكی ئەو سەردەمە دركی بەو هۆكارە كردبێ كە نەخۆشی لەكەسێكەوە دەگوازرێتەوە بۆ كەسێكی تر لە رێگەی كۆچ وتێكەلاو بوون لەگەل خەلكی دەرەوە. هەرچەندە لەوبارەیەوە نمونەیەكی دیاری ئەوتۆمان لەبەردەستدا نیە لەسەرچاوە مێژووییەكان كە بەروونی ئەو دەرئەنجامە دەربخات بەلام دەكرێ لەبارەی ئەو ژمارە كوردەی كەلە ئەنجامی بلاوبوونەوەی تاعونی رەش یان (مردنی رەش)ی بلاوبۆوەی سالی ٧٤٩ك/١٣٤٨ز كەلەترسی مردن كۆچیان كرد(المقریزی/١٩٩٧/ج٤/ص٨١؛ ابن تغری بردی/د.ت/ج١٠/ص١٩٦) خەلكێكی دیكە كەلەو سەردەمەدا بەو هۆیەوە كۆچیان كردبێ بكرێتە دەرئەنجامی زیاتر تەشەنەكردنی پەتایەكە ،چونكە وەك لەسەرچاوەكان ئاماژەی بۆكراوە كەهۆكاری گەیشتنی پەتایەكە بەرۆژئاواو بەتایبەتیش كیشوەری ئەوروپا بەهۆی كۆچی بازرگان وكەشتیوانە ئیتالیەكان بووە كە مشك وجورجی هەلگری پەتایەكەیان لەناو كەشتیەكانیان گواستۆتەوە(بروانە: Friedrich justus,Carl:p45-77؛ یعقوب اژند/١٣٦٨/شمارە(٢)/ ص١٤٥) ، یان هەر لەبارەی كوردانەوە لەیەكێك لەرووداوەكانی سالی ٧٢٦ك/١٣٢٥ز ئاماژە بە بلاوبوونەوەی نەخۆشی تا وكۆخە وهەلامەت واتە(ئەنفلۆنزا) دەكرێت لە دیمەشق،یەكێك لە سەرچاوەكان تیشك دەخاتە سەر ئەوەی كەلەناوچە كوردیەكانەوە بۆیان هاتبێ بەتایبەتی لە شاری ماردین ، دوای ئەوەی چەندین شاری دیكەی لە شام گرتبۆوە(بروانە: ابن الجزری/٢٠٠٦/ج٢/ص١٢٣).

هەرئەوهەموو نەهامەتی ومەرگەسات وتۆقاندنەی بەسەر كۆمەلگەی كوردیدا هاتووە ناچاربە كۆچیان كردووە وئەمجۆرە بارودۆخەشی بۆ چەندین جار بەسەردا دووبارە بۆتەوە هەربۆیە ئەمە وای لێكردووە بێمتمانەییەك لەلای تاكی كوردی دروست بكات وتەنانەت كاریگەریەكەی درێژخایەنیش بێت وبگات بە سەردەمی نوێش لەوەی كەهەر كاتێك بەرەو رووی مەترسیەكی دەرەكی یان هەر نەهامەتی وكارەساتێك دەبێتەوە هەر زوو بەرلە بیر كردنەوەلە بەرگری بیر لەكۆچ بۆ نێو شاخەكان بكاتەوە ،هەربۆیە چیاكانی كوردستان بە هاورێ وپارێزەری كوردان لێكدراوەتەوە ،بەلام دەكرێت ئەوەش بوترێ كە نەخێر چیاكان

پارێزەری کورد نین بەڵکو دروستکەری بێ متمانەیین بۆ کورد بەدرێژایی مێژوو لەبەر ئەوەی هەردەم هەستی بەوە کردووە کە پشت وپەناو شوێنێکی قایمی هەیە کەدەیپارێزێت بۆیە زوو سەنگەرەکانی چۆل کردووە بۆ دوژمنەکانی وکۆچی کردووە بۆ نێو شاخەکان هەروەکو ئەگەر چەند نمونەیەك بێنینەوەئەوەتا لەو رووداوەی کە سالی ٤٣٢ك/١٠٤٠ز لەئەنجامی هێرشی غوزە تورکەکان بۆسەر ولاتی هەکاری کوردەکان هەرزوو تێکشکان ورایان کردە نێوچیاو دۆڵەکان واتە کۆچیان کردو لەوێ دەستیان کرد بەبەرگری (ابن الاثیر/٢٠٠٩/ج٩/ص١٨١), یان ئەو شەرو ململانێیەی کەکوردەکان لەگەل تورکمانەکان بۆیان دروست بوو لەسالی ٥٨١-٥٨٢ك/١١٨٥-١١٨٦ز سەرەرای ئەوەی کە کورد خاوەنی خاکی خۆیان بوون وتورکەکان بێگانە بوون لەزۆربەی شارو گوندە کوردیەکان تورکمانەکان توانیان کوردان تێکبشکێنن و راوەدووی نێو چیاکانیان بنێن وکۆچیان پێبکەن(الرهاوی المجهول/١٩٨٦/ص٢٢٥؛ ابوشامە/٢٠٠٢/ج٣/ص١٧٤؛ ابن العبری/٢٠٠٥/٢٠٦) لەبری ئەوەی شەری مان ونەمان لەسەرخاکی خۆیان بکەن ، ئەمەو چەندین نمونەی دیکە بەدرێژایی مێژووی کورد ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی بەهەمان شێواز لەسەرچاوەکان دەبینرێت کە دووبارە دەبێتەوە، تەنانەت لەسەردەمی نوێشدا.

**لیستی سەرچاوەکان**


*دەستنووس:

السیوطی:جلال الدین عبد الرحمن "ت:911هج/1505م":

-ماروراه الواعون فی اخبار الطاعون، مخطوطة ، موقع شبكة الالوكة: www.alukah.net

*سەرچاوەی کۆن:

-بەزمانی عەرەبی:-

ابن الاثیر:علی بن ابی الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيبانی الجزری"ت:630هج/1232م":

-الكامل فی التاريخ، دار صادر ،(بیروت:2009).

الاصطخری:ابی اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسی الاصطخری المعروف بالكرخی"ت:٣٤٠هج/٩٥١م":

-مسالك الممالك، شركه نوابغ الفكر، (القاهره:٢٠١١).

الباخرزی:علی بن الحسن بن علی"ت:467هج/1074ز":

-دمية القصر وعصرة اهل العصر، تحقيق:سامی مكی العانی،(بغداد:1971).

البرزالی: علم الدين ابی محمد القاسم بن محمد بن يوسف الاشبيلی الديمشقی"ت:739هج/1338م":

-المقتفی علی كتاب الروضتين المعروف بتاريخ البرزالی ،تحقيق:عمر عبدالسلام التدمری، المكتبة العصرية ،شركة ابناء الشريف الانصاری للطباعة والنشر والتوزيع،(صيدا-بيروت:2006).

ابن بطوطة:ابو عبدالله محمد بن ابراهيم اللواتی"ت:779هج/1377م":

-رحلة ابن بطوطة أو تحفة النظار فی غرائب الامصار وعجائب الاسفار،دار صادر،ط4،(بيروت:2011).

البلاذری:احمد بن يحيی بن جابر"ت:٢٧٩هج/ 923 م":

-البلدان وفتوحها واحكامها، تحقيق:نجيب الماجدی، المكتبه العصرية،(بيروت:٢٠٠٨).

ابن تغری بردی الاتابكی: جمال الدين ابی المحاسن يوسف "ت:874هج/1469م":

-النجوم الزاهرة فی ملوك مصر والقاهرة ،مطابع كوستاتسوما وشركاه،(القاهرة:دت).

ابن جبير:ابو الحسن محمد بن احمد الكنانی الاندلسی"ت:614هج/1217م":

-تذكرة الاخبار عن اتفاقات الاشعار-المسمی-رحلة ابن جبير،دار صادر ،(بيروت :1964).

ابن الجزری :شمس الدين ابی عبدالله محمد بن ابراهيم بن ابی بكر القرشی"ت:738هج/1338م":

-تاريخ حوادث الزمان وانبائه ووفيات الاكابر والاعيان من ابنائه –المعروف ب-تاريخ ابن الجزری،تحقيق:عمر عبد السلام التدمری ،المكتبة العصرية ،(صيدا-بيروت:2006).

ابن حبيب:الحسن بن عمر بن الحسن بن عمر"ت:779هج/1377م":

-تذكرة النبيه فی ايام المنصور وبنيه، تحقيق:محمد محمد امين ،مطبعة دار الكتب ،(القاهرة :1976).

ابن حوقل:ابی القاسم محمد بن علی النصيبی"ت:367هج/977م":

-كتاب صورة الارض –المعروف ايضا ب-كتاب المسالك والممالك والفاوز والمهالك ،مطبعة بريل، ط2،(ليدن:1939).

ابن خلدون:عبدالرحمن بن محمد "ت:٨٠٨هج/١٤٠٦م":

-تاريخ ابن خلدون-كتاب العبر وديوان المبتداء والخبر فى ايام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوى السلطات الاكبر، دار ابن حزم، (بيروت:٢٠١١).

ابن خلكان:ابى العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابى بكر"ت:٦٨١هج/1282م":

-وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، دار احياء التراث العربى، ط٢، (بيروت:٢٠٠٩).

الذهبى:شمس الدين ابى عبدالله محمد بن احمد بن عثمان "ت:748هج/1347م":

-تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام،تحقيق:عمر عبد السلام التدمرى،دار الكتاب العربى،(بيروت:1997).

-ذيل تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام،تحقيق:عمر عبدالسلام التدمرى،دار الكتاب العربى،(بيروت:2004).

الرهاوى : مؤلف مجهول"ت:632هج/1234م":

-تاريخ الرهاوى،ت:الاب ابير ابونا،مطبعة شفيق،(بغداد:1986).

الروذراورى :ابو الشجاع محمد بن الحسين "ت:488هج/1095م":

-ذيل كتاب تجارب الامم، تحقيق:ه.ف.امدروز، مطبعة شركة التمدن الصناعية ،(القاهرة:1916).

ابن الساعى الخازن:ابى طالب على بن انجب تاج الدين "ت:٦٧٤هج/١٢٧٥-١٢٧٦م":

-الجامع المختصر فى عنوان التواريخ وعيون السير، مطبعه السريانيه الكاثوليكية، (بغداد:١٩٣٤).

السخاوى:شمس الدين ابى الخير محمد بن عبدالرحمن بن محمد"ت:902هج/1496م":

-الذيل التام على دول الاسلام للذهبى ،حققه وعلق عليه :اسماعيل مروة،مكتبة دار العربية للنشر والتوزيع –الكويت ،دار ابن العماد للنشر والتوزيع،(بيروت:1992).

السريانى :مارميخائيل"ت:596هج/1199م":

-تاريخ مارميخائيل السريانى ،ت:مارغريغورويوس صليبا شمعون، دار ماردين،(حلب:1996).

ابوشامة:شهاب الدين عبد الرحمن بن اسماعيل بن ابراهيم بن عثمان المقدسى الدمشقى الشافعى"ت:665هج/1266م":

-الروضتين فى اخبار الدولتين النورية والصلاحية،منشورات محمد على بيضون، دار الكتب العلمية ،(بيروت:2002).

ابن شداد: بهاء الدين يوسف بن رافع الاسدى"ت:622هج/1234م":

-سيرة صلاح الدين الايوبى "النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية "،تحقيق:محمد حسنى مصطفى ، دار القلم العربى ، (حلب:2001).

ابن شداد :عزالدين محمد بن على "ت:684هج/1285م":

-الاعلاق الخطيرة فى ذكر امراء الشام والجزيرة،تحقيق:يحيى عبادة ،وزارة الثقافة والارشاد القومى ،(ديمشق:1978).

ابن الشعارالموصلى:كمال الدين ابى المبارك "ت:654هج/1256م":

-قلائد الجمان فى فرائد شعراء هذا الزمان –المشهورب-عقود الجمان فى شعراء هذا الزمان، تحقيق:كامل سلمان الجبورى، دار الكتب العلمية، (بيروت:2005).

الصفدى :صلاح الدين خليل ايبك "ت:764هج/1362م":

-الوافى بالوفيات ،تحقيق:احمد الارناؤط - تركى مصطفى، (بيروت:2000).

الطبرى: ابو جعفر محمد بن جرير"ت:٣١٠هج/٩٢٢م":

-تاريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، ط٤، دار المعارف،( القاهره:١٩٧٩).

ابن الطوير:ابو محمد المرتضى عبد السلام بن الحسن القيسرانى "ت:617هج/1220م":

-نزهة المقلتين فى اخبار الدولتين ،تحقيق:ايمن فؤاد السيد، المعهد الالمانى للابحاث الشرقية ،ط2،(بيروت:2010).

الظاهرى:غرس الدين خليل بن شاهين"ت:872هج/1467م":

-زبدة كشف الممالك وبيان الطرق والمسالك،مطبعة الجمهورية ،(باريس:1894).

ابن العبرى :ابى الفرج جمال الدين"ت:685هج/1286م":

-تاريخ الزمان ،ت:الاب اسحاق ارملة،دار المشرق،(بيروت:2005).

عماد الدين الكاتب الاصفهانى :ابو حامد محمد بن محمد"ت:597هج/1200م":

-الفتح القسى فى الفتح القدسى،تحقيق:محمد محمود صبح، (د.م.ت).

العمرى: شهاب الدين احمد بن فضل الله "ت:749هج/1348م":

-مسالك الابصار فى ممالك الامصار، السفر الثالث-ممالك الشرق الاسلامى والترك ومصر والشام والحجاز،تحقيق:احمد عبدالقادر الشاذلى،المجمع الثقافى ،(ابوظبى:2003).

الغسانى:الملك الاشرف"ت:٨٠٣هج/١٤٠٠م":

-العسجد المسبوك والجوهر المحكوك فى طبقات الخلفاء والملوك، تحقيق: شاكر محمود عبدالمنعم، دار التراث الاسلامى للطباعه والنشر والتوزيع، بيروت؛( دار البيان:بغداد:١٩٧٥).

ابن فقيه الهمذانى :ابى عبدالله احمد بن محمد بن اسحاق"ت:٢٩٠هج/٩٠٢م":

-كتاب البلدان ، تحقيق:يوسف الهادى، عالم الكتب، ط٢،(بيروت:٢٠٠٩).

ابو الفيداء:عماد الدين اسماعيل بن محمد بن عمر"ت:732هج/1331م":

-تقويم البلدان، دار الطباعة السلطانية ،(باريس:1840)،ودار الصادر-بيروت.

ابن القلانسى: ابو يعلى حمزة "ت:555هج/1160م":

-ذيل تاريخ دمشق، مطبعة الاباء اليسوعيين ،(بيروت:1908).

القلقشندى :ابو العباس احمد بن عبدالله"ت:820هج/1418م":

-صبح الاعشى فى صناعة الانشاء، دار الكتب العلمية،(بيروت:1987).

-مأثر الانافة فى معالم الخلافة،تحقيق:عبد الستار احمد فراج، عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع،(بيروت:2006).

ابن كثير: ابو الفداء الحافظ الدمشقى "ت:774هج/1372م":

-البداية والنهاية، تحقيق:عماد زكى البارودى-خيرى سعيد، المكتبة التوفيقية للطباعة،دار الكتب المصرية،(القاهرة:2008).

المجهول:من القرن السابع للميلاد:

-التاريخ الصغير،ت:الاب بطرس حداد،المركز العلمى العراقى –بغداد دار ومكتبة البصائر للطباعة والنشر والتوزيع والاعلام،(بيروت:2010).

ابن المستوفى :شرف الدين ابى البركات المبارك بن احمد اللخمى الاربلى "ت:637هج/1239م":

-تاريخ اربل المسمى نباهة البلد الخامل بمن ورده من الاماثل ،تحقيق:سامى سعيد الصقار،منشورات وزارة الثقافة الاعلام، دار الرشيد ،(بغداد:1980).

مسعر بن مهلهل:ابو دلف الخزرجي"ت:بعد سنه ٣٨٤هج/٩٩٤م":

-الرسالة الثانية، تحقيق:بطرس بولغاكوف وانس خالد، دار النشر للاداب الشرقيه، (موسكو:١٩٦٠).

المسعودى :ابو الحسن على بن الحسين"ت:346هج/957م":

-مروج الذهب ومعادن الجوهر، مطبعة شريعت،(بيروت:1422هجرى).

-التنبيه والاشراف،دار ومكتبة الهلال ،(بيروت:1993).

مسكويه:ابو على احمد بن محمد"ت:421هج/1030م":

-كتاب تجارب الامم،مطبعة شركة التمدن الصناعية،(القاهرة:1915).

المقدسى:شمس الدين ابى عبدالله محمد بن احمد بن ابى بكر البناء الشامى المعروف بالبشارى"ت:٣٨٧هج/٩٩٧م":

-كتاب احسن التقاسيم فى معرفه الاقاليم، مطبعه بريل، ط٢، (ليدن:١٩٠٦).

المقريزى:تقى الدين ابى العباس احمد بن على بن عبدالقادر العبيدى"ت:845هج/1441م":

-السلوك لمعرفة دول الملوك،تحقيق:محمد عبد القادر عطا،منشورات محمد على بيضون،دار الكتب العلمية ،(بيروت:1997) .

-اتعاظ الحنفاء بأخبار الائمة الفطميين الخلفا،تحقيق:محمد حلمى محمد احمد،لجنة احياء التراث،مطابع اهرام التجارية،(القاهرة :1996).

-كتاب المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار –المعروف ب-الخطط المقريزية، دار صادر،(بيروت:د.ت).

الهذبانى :الامير عزالدين محمد بن ابى الهيجاء الهذبانى الاربلى"ت:700هج/1300م":

-تاريخ ابن ابى الهيجاء الهذبانى ،تحقيق:احمد فريد المزيدى، دار الكتب العلمية ،(بيروت:2004).

ابن الوردى :زين الدين عمر بن المظفر "ت:749هج/1348م":

-تاريخ ابن الوردى –تتمة المختصر فى اخبار البشر،دارالكتب العلمية ،(بيروت:1996).

اليافعى:عبدالله بن اسعد بن على بن سليمان "ت:768هج/1363م":

-مراة الجنان وعبرة اليقظان فى معرفة مايعتبر من حوادث الزمان،دار الكتب العلمية، (بيروت:1997).

ياقوت الحموى:شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن ابى عبدالله الحموى الرومى البغدادى"ت:٦٢٦هج/١٢٢٩م":

-معجم البلدان، دار صادر للطباعه والنشر، ط٨، (بيروت:٢٠١٠).

-بەزمانی کودی:-

بەدلیسی:میر شەرەفخانی کوری شمس الدین"م:١٠١٠ك/١٦٠١ز":

-شەرەفنامە"مێژووی ماڵە میرانی کوردستان"، و:هەژار، پەخشگای پانیز، چ٦، (تهران:٢٠١٠).

-بەزمانی فارسی:-

القزوینی:حمد الله بن ابی بکر بن محمد بن نصر مستوفی"ت:٧٣٠ك/١٣٣٩ز":

-تاریخ گزیده،مؤسسة انتشارات امیر کبیر، چاپخانه سپهر،چ٤،(تهران:١٣٨١).

-نزهة القلوب، بامقابلة وحواشى وتعليقات وفهارس:سيد محمد دبير سياقى،انتشارات حديث امورز،چاپخانه الهادى،(ايران:١٣٨١).

***ژێدەرەکان:-**

**-بەزمانی عەرەبی:-**

ارشاك پولاديان:-الاكراد فى حقبه الخلافه العباسيه فى القرنين ١٠-١١م، ت:الكسندر كشيشيان، دار الفارابى ،(بيروت-دار اراس للطباعه والنشر،ط٢،اربيل:٢٠١٣).

تريفه احمد عثمان البرزنجى:-اسهامات علماء الاكراد فى بناءالحضاره الاسلاميه" خلال قرنين السابع والثامن الهجريين-علوم النظريه"، (بيروت:٢٠١٠).

حكيم عبدالرحمن زبير البابيرى:-مدينة خةلات"دراسة فى تاريخها السياسى والحضارى 493-641هج/1100-1243م"،دار سبيريز،(دهوك:2005).

رشيد الجميلى :-دولة الاتابكة فى الموصل بعد عماد الدين زنكى"541-631هج"، دار النهضة العربية للطباعة والنشر،(بيروت:1970).

زرار صديق :-كردستان فى الثامن الهجرى"دراسه فى تاريخها السياسى والاقتصادى"،(اربيل:٢٠٠١).

السيد محسن الامين:-خطط جبل عامل ،الدار العلمية للطباعة والنشروالتوزيع،(د.م:1983).

عبدالرحمن قاسملو: كردستان والاكراد،(بيروت:د.ت).

عمادالدين خليل: الامارات الارتقية فى الجزيرة والشام"465-812هج/1072-1409" على المقاومة الاسلامية للصليبيين والتتر،مؤسسة الرسالة،(بيروت:1980).

كى لسترنج: -بلدان الخلافة الشرقية،ت: بشير فرنسيس- كوركيس عواد،(بيروت:1985).

محسن محمد حسين : -قلائد الجمان "مصدر الدراسة جوانب من تاريخ اربيل والكرد ، من منشورات الاكاديمية الكردية،مطبعة حاجى هاشم ،(اربيل:2012).

محمد امين زكى بك: -خلاصه تاريخ الكرد وكردستان"تاريخ الدول والامارات الكرديه فى العهد الاسلامى"،ت:محمد على عونى، الناشر:الجمعية اللبنانية الخيرية، ط٢،(بيروت:٢٠٠٣).

موسى مصطفى الهسنيانى : -سنجار دراسة فى تاريخها السياسى والحضارى من521-600هج/1127-1261م ،دار سبيريز،(دهؤك:2005).

نافع توفيق العبود:-الدولة الخوارزمية "نشاءتها وعلاقتها مع الدولة الاسلامية نظمها العسكرية والادارية 490-628هج/1097-1231م"، مطبعة جامعة بغداد ،(بغداد:1978).

**-بەزمانی کودی:-**

جەمشید سەداقەت کیش :-کوردەکانی پارس وکرمان،و: کامران حسن ،دەزگای موکریانی-چاپخانە رۆژهەلات،(هەولێر:٢٠١٠).

حکیم احمد مام بکر: -کورد وکوردستان لەدیدی گەریدەو ولاتناسانی موسلمان"٢٣٢-٦٢٦ك/٨٤٦-١٢٢٩ز"، و:شوکر سلێمان، چاپخانەی موکریانی ،(هەولێر:٢٠١٤).

رەسول ئیبراهیم رەسول: -کاریگەریەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانیەکان بۆ سەر کوردستان لەماوەی نێوان هەردوو سەدەی "٤-٨ك/١٠"-١٤ز-توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە"،بەرێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی،(سلێمانی:٢٠١٣).

زرار صدیق توفیق: -کوردو کوردستان لەرۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا"١٦-٦٥٦ك/٦٣٧-١٢٥٨"،چاپخانەی رۆژهەلات،(هەولێر:٢٠١٠).

مەهدی عوسمان هەروتی: -ڕۆلی سەربازیی کورد لەدەولەت ومیرنشینە ناکوردیەکان لەسەردەمی عەبباسیدا"١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز"، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، (هەولێر:٢٠٠٨).

-نەهامەتی وکارەساتەکانی کوردستان لەسەدەکانی ٦-٨ك/١٢-١٤ز،ناوەندی ئاوێربۆ چاپ وبلاوکردنەوە ،چاپخانەی ڕۆژهەلات،(هەولێر:٢٠١٥).

مستەفا جواد: -هۆزی لەبیرکراوی گاوان وگاوانیە بەناوبانگەکان، و:هەژار،چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، (بغداد:١٩٧٣).

نیشتمان بشیر محمد: -کوردوسەلجوقیەکان"لێکۆلینەوەیەك لەپەیوەندیە سیاسیەکان-٤٢٠-٥٢١ك/١٠٢٩-١١٢٧ز"،و:ئیدریس عەبدوللا مستەفا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر:٢٠٠٦).

هەمزە کاکە یاسین: حلوان لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی تا روخانی میرنشینی عەننازی"١٣٢-٥١١ك/٧٥٠-١١١٧ز- لێکۆلینەوەیەکە لەمێژووی سیاسی وشارستانی ، دەزگای ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم،(هەولێر:٢٠١٣).

**-بەزمانی فارسی:-**

کسروی:احمد: -شهریاران گمنام:چ٢، چاپ پیرۆز، (تهران:١٣٣٥).

**-بەزمانی ئینگلیزی:-**

Friedrich Justus,Carl: -The black death in the fourteenth century,p.45-77.

**<u>*نامەی زانکۆیی:</u>**

محسن مامل محمد: -کوردستان لە کتیبی(تقویم البلدان)ی ئەبو الفیدای ئەیوبی،نامەی ماستەر،کۆلێژی ئەدەبیات –زانکۆی سەلاحەددین،(هەولێر:٢٠٠٩)، نەخشەی ژمارە(١)،ل٢١٣.

**<u>*گۆڤارەکان:-</u>**

**-بەزمانی کوردی:-**

-مەهدی عوسمان هەروتی:ابن ابی الهیجاءی هەزبانی ورێبازی لەنووسینی مێژوودا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(٣٤)،(هەولێر:٢٠١٥).

**-بەزمانی عەرەبی:-**

-زرار صدیق توفیق:النفوذ الفاطمی فی بلاد الکرد"دراسة فی العلاقات الفاطمیة –الکردیة"،گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، هژمارا تایبەت(٣)،(دهۆك:١٩٩٩).

مجهول:لبنان مباحث علمیة واجتماعیة ،مج1،منشورات لحد خاطر، ط3،(بیروت:1993).

**-بەزمانی فارسی:-**

-یعقوب اژند:مرگ سیا در تاریخ میانە ایران، فصلنامە مطالعات تاریخی، شمارە دوم- سال اول،(مشهد:١٣٦٨).

**پاشكۆی ژمارە(١)-نەخشەی هەرێم وناوچە كوردنشینەكان**

وەرگیراوە بەدەستكاریەوە لە: - كی لسترنج:بلدان الخلافة الشرقية،ت: بشير فرنسيس- كوركيس عواد،(بيروت:1985).؛محسن مامل محمد:كوردستان لە كتێبی(تقويم البلدان)ی ئەبو الفيدای ئەیوبی،نامەی ماستەر،كۆلێژی ئەدەبیات –زانكۆی سەلاحەددین،(هەولێر:٢٠٠٩)، نەخشەی ژمارە(١)،ل٢١٣ ؛مەهدی عوسمان هەروتی:نەهامەتی وكارەساتەكانی كوردستان لەسەدەكانی ٦-٨ك/١٢-١٤ز،ناوەندی ئاوێر بۆچاپ وبلاوكردنەوە ،چاپخانەی رۆژهەلات،(هەولێر:٢٠١٥)پاشكۆی ژمارە(١)،ل٢٦٤.

